

ديمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ گەشاو رەحیم یەکێک لە دامەزرێنەرانی گروپی ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز... سەبارەت بە ئامانج و کارەکانی گروپەکە... ل 13


# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی شەشەم ژمارە(124) بەرواری 1–7–2022 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (1)و (15) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


## پێویستە ئارمی گۆڕستانی بێ ناو نیشانی ژنان، لەسەر گۆڕی دەسەڵات وەکو سزانامەکەی هەڵبواسرێت!!



### لە ٦ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا زیاتر لە ٨٠ ژن کوژراون...

بەپێی سەرچاوە و هەواڵی میدیاکان، لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا زیاتر لە ٨٠ ژن کوژراون... بەدیاریکراوی بەپێی راگەیاندنی رێکخراوەی هاریکاریی یاسایی ژنان "ئۆلا" کە ئاماری شەش مانگی سەرەتای ئەمساڵی تۆمار کردووە، ٨٢ ژن بوونەتە قوربانی، کە یان کوژراون یان خۆیان سوتاندووە و خۆیان کوشتووە...

بۆ لاپەڕە 3

## هێرشەکان بۆسەر کۆرمۆر یان بۆسەر دەسەڵات بەگشتی...



لە درێژەی گوشارەکانی بەغدا بۆسەر دەسەڵاتی هەرێم، کۆمپانیای دەرهێنانی نەوت لە کۆرمۆر چەند جارێک کەوتۆتە بەر هێرشی کاتیۆشا و موشەکی میلیشیاکان.

هێرش بۆسەر کۆرمۆر تەنها گۆشەیەکە لەو هێرشانەی بەشێوەیەکی فراوانتر و لە ئاستی تردا، دەکرێتە سەر شوێنەکانی تری هەرێم... وە ئەم هێرشانە دیوی دووەمی

بۆ لاپەڕە 3

## ئاوڕدانەوەیەک لە مانگرتنی کرێکارانی کێڵگە خەڵوزێکانی ساڵانی ١٩٨٤ – ١٩٨٥ لە بەریتانیا...ل6

### لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:



*قەیرانی ئیسلامی سیاسی و ڕۆژئاوا!!.............................................ل4


* هەرێمەکانی ترس.........................................................................ل10

* ئەوەی نوێ چ پەیامێکی بۆ خەڵکی کوردستان پێیە؟..........................ل11

*خانەنشینان توێژی فەرامۆش کراو لە هەرێمی کوردستان دا............ل12


### دۆسیەی ژمارە"هەلومەرجی سیاسی کوردستان و ئاییندە سیاسیەکەی"





هاوڕێیان د. سەلاحی کەرمیان و ستاری چیمەنتۆ، وەڵامی پرسیارەکانی دۆسیەکەیان داوەتەوە...ل14-15

## وتەی ژمارە

# کێ هەڕەشەی سەرەکی سەر هەرێمی کوردستانە؟

**نووسینی: عەبدوڵا مەحمود**



گرژییەکانی نێوان بەغداو هەرێم لە هەڵکشانێکی خێرادایە. ئەم گرژییە بەشێکە لە ململانێی نێوان باڵەکانی خانەوادەی بۆرژوازی لەسەر ئاستی عێراقدا. بۆرژوازی لە عێراقدا هیچی تر ئامادە نییە لە چوارچێوەی سازان" تەوافوق"ی و پێشوودا، مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات. لەجێگای ئەوە دەیەوێت، دەست بگرێت بە دەستور و دادگای فیدرالییەوە، ئەمەش ئەو پەیامە رادەگەیەنێت کە مامەڵەی بەغدا لەگەڵ هەرێم وەکو هەر پارێزگایەکی تری عێراق دەبێت، بە هەندێک ئیمتیازاتەوە، لە پێش هەموویانەوە بە مانەوەی دەسەڵاتی ئیداری بەسەر دۆخی هەرێمدا. بەڵام دۆسیەی ئەمنی و سنور، نەوت و غاز، خاڵە گومرگی و دەروازەکان، پەیوەندییەکان... دەگێردرێنەوە بۆ ژێرسایەی دەسەڵاتی ناوەندی. بۆرژوازی عێراقی، بە قەومی و ئیسلامیەکەیەوە، بە شیعی و سونیەکەیەوە، بە دەسەڵات بەدەست و هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانیەوە، سەرباری ناکۆکی و ململانێی نێوانیان لەسەر پرسی حکومەت، چۆنیەتی دروستکردنی، هەموویان لەسەر ئەو مەسەلەیە هاوڕان کە باڵادەستی و هەژموونی بۆرژوازی کورد، سنوردار بکرێت و چیتر لە قاڵبی بوونی مەسەلەی کوردا، ئیمتیاز و مافی تایبەتی بە ناسیونالیزمی کورد نەدەن... ئەمە چۆن و بەکام پرۆسیسدا دەچێتە پێشەوە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆرێت، کە پرۆسەکە بەدوای ١٦ ئۆکتۆبەرەوە دەستیپێکردووە لە مانگی ٢ی ئەمساڵەوە و بەدیاریکراوی بە بریاری دادگای فیدراڵی کە دۆسیەی نەوت و غاز و فرۆشتن و دەرهێنان و مامەڵەپێوەکردنی نایاساییە، چۆتە برگەیەکی تر و بەخێرایەکی بەرچاویشەوە، هەنگاوی بۆ دەنرێت.

پێداگری دادگای فیدرالی لەسەر

بۆ لاپەڕە 2

پرسی ڕۆژ ل5 | پرسی ژن ل7 | کۆشەی ئەدەب و هونەر ل8-9

## درێژەی وتەی ژمارە

بڕیارەکانی و پشتیوانی هەموو هێزە سیاسیەکانی عێراق بۆی، لەلایەک و ناردنی پەیام لە ڕێگای هێزو و موشەک و کاتیوشا هاویشتن و سایەکردنی درۆنەکان بەسەر هەولێر و هەرێمدا، لەلایەکی ترەوە... دەستپێکی دەوریەکی تازە لە ململانێی نێوان بۆرژوازی عێراق و بۆرژوازی کورد.

بۆرژوازی کورد، وەکو بزوتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەلایەتی و چینایەتی، بەهەموو باڵ و لقەکانیەوە، بە ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵاتییەوە، بە نووسەر و سیاسی و چالاکوانی مەدەنی و ڕۆژنامەنووسەکانیەوە، درکی ئەوەیان کردووە، کە ئالۆگۆڕێک بەڕێوەیە. کەشتیەک هەیە و سەر نشینەکانی سەرباری جیاوازی روکەش و جۆرواجۆر بوونیان، لەبەردەم نقوم بووندان. ڕزگارکردنی ئەم کەشتییە، بۆتە هاواری هەموویان. هەرەشە لەسەر "قەوارەی هەرێم" بانگەشەی سەرجەم بۆرژوازی کوردە.

سەرجەم بۆرژوازی کوردو رەوتەکانی، هۆکاری ئەم دۆخە تازەیە و زۆربوونی هەڕەشەو گوشارەکانی سەرهەرێم دەگێرنەوە بۆ چەند هۆکارێک لەوانە ناتەبایی نێوان پارتی و یەکیتی و "لێکترازانی ناو ماڵی کورد"، یەککنەگرتنەوەی هیزەکانی پیشمەرگە، دوو ئیدارەیی ...تاد. ئەم پاساوانە لە بنەرەتدا بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵکی کوردستانە. پارتی و یەکێتی و "ناو ماڵی کورد" موش بە بەینیا نەچێت، هیزەکانی پیشمەرگە!! یەکگرتووش بن، هەردوو ئیدارەکەش ئیدارەیەکی یەکگرتوو و حکومەتیش سەراسەری بێت... هیچ لەو دۆخە بناغەییە ناگۆڕێت و دەردی سەرەکی و گرفتە قوڵە سیاسیەکانی نیوان بەغدا و هەرێم، بۆرژوازی کورد و عەرەب، بەشوێنێک ناگەیەنێت.

ئەم هەلومەرجە تازەیەی هاتۆتە پیشەوە، ریشەی لە گۆڕانی هاوسەنگی هێزی بۆرژوازی عێراقی و بەغدا بەرامبەر بە هەولێر و بۆرژوازی کورددایە... وە ریشەی لە چەند هۆکارێکی بناغەییدایە کە بەچۆنیەتی دروست بوونی خودی قەوارەی هەرێم و جۆری دەسەڵاتی هەرێم و جۆری پەیوەندی هەرێم بە بەغداوە، هەیە.

قەوارەی هەرێم، دوورو نزیک بەرهەمی ویست و خواستی خەڵکی کوردستان نییەو لەبەرامبەر بە خواست و ویستی خەڵکی کوردستاندا دامەزراوە و پایەکانی رۆنراوە. قەوارەی هەرێم یانی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد کە بەخۆبەستنەوە بە جەنگ و ملهوری ئەمریکا و غەرب، بەدەسەڵات گەیشتووە. بۆرژوازی کورد لەهەلومەرجێکی تایبەتیدا کە عێراق وەکو دەوڵەت وحکومەت و سەرجەم دامەزراوەکانی، وێران و خاپور کراوە، دەسەڵاتی سیاسی پێسپێردراوە کراوەتە پاسەوانی جغرافیایەکی سیاسی.

دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد لە هەلومەرجی بۆشایی دەوڵەت و دەسەڵاتی حوکمەتی لە عێراقی وێرانەی دوای شەڕدا، بۆ یەکەمین جار خەونی بەشداری لەدەسەڵاتدا لە کوردستاندا بۆ رەخساوە کە حکومەت و دەوڵەتی عێراق، هیچ بوونێکی لەم جغرافیایەی ناوی کوردستانە نەمابوو... بۆرژوای کورد بە پشتیوانی ئەمریکا و غەرب و بە بەڵێنی نۆکەر پیشەیی بە وڵاتانی ناوچەکە، بەپشت کردنە هەموو ویست و خواستێکی خەڵکی کوردستان و خۆ لادان لە واقعیەتی سیاسی و میژووی و پرسی سیاسی خەڵکی کوردستان و ستەمی نەتەوایەتی...تاد. شانسی دەسەڵاتی پێدراوە. هەروەها ڕیگاچارەی بۆرژوازی کورد و پەیوەندی هەرێم بە بەغداوە لە چوارچێوەی فیدرالیزمی قەومیدا، بێ لە بەچاوگرتنی پرسی میژووی سیاسی خەڵکی کوردستان و ململانێیەکی دریژ خایەن لێکەویەکانی، لە جیاتی برینی دەیان ساڵەی خەڵکی کوردستان سارێژ بکات و پەیوەندیەکی سالم لە لەگەڵ عێراقدا دروست بکات، بە قبوڵکردنی فیدرالیزمی قەومی، کە لە بنەرەتدا ریکەوتنی بۆرژازی و کورد و عەرەبە لەسەر دەسەڵات و داهات، بووە سەرچاوەی دەیان کیشە گرفت و سەرهەڵدانی بەردەوامی کێشەو گرفتی تر و هاوکاتیش بووە رەچەتەیەک بۆ هەتایی کردنی ناکۆکی قەومی و دروستکردنی کۆسپی گەورە لەبەردەم پیشرەوی کۆمەڵگەدا. فیدرالیزمی قەومی لە هەلومەرج و هاوسەنگی هێزی تایبەتی ناو دۆخێکی نائارام و ئاڵۆزکاودا، مۆرکرا. ئەوەی ئێستاو لە داهاتوشدا روودەدات، رەنگدانەوەی ئەو واقعیەتەیە. هەروەها ئەو فیدرالیزمە قەومییە، شێوازی دەسەڵاتی میلیشیایی حزبە کوردیەکانی دیاریکرد و بووە کۆڵەکەیەک بۆ بەردەوامی دان بە دەسەڵاتی بۆژوازی کورد.

بەکورتی خودی دەسەڵاتی بۆژوازی کورد و گرێدانەوەی کوردستان بە عێراقی عروبی و ئیسلامی لە چوارچێوەی فیدرالیزمی قەومیدا، لەدوو دەهەی رابردوودا سەرچاوەی سەرەکی کێشەکانی نێوان بەغدا و هەرێم بوون. بە گۆرانی هاوسەنگی هێزی دەسەلات لە نێوان بەغداو هەرێمدا، ئاستی ململانێ و کێشەکان گۆرانیان بەسەدا هاتووە، تا بە ئێستا گەیشتووە.

هەرەشەی سەر هەرێم... بە مانای واقعیەکەی یانی هەرەشە لەسەر دەسەڵاتی سیاسی هەرێم... وە هەرەشەی سەر خەڵکی کوردستانیش، یانی هەرەشەی دەسەڵاتی بۆرژوازی عیراقی بەگشتی و بۆرژوازی کورد بەتایبەتی لەسەر خەڵکی کوردستان و ئایندە سیاسیەکەی.

دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، لە کوردستاندا سەرچاوەی سەرەکی هەموو ئەو نەهامەتی وموسیبەت و کوێرەوەریانەیە، کە رووبەڕووی خەڵکی کوردستان بۆتەوە. لە سێ دەهەی رابردوودا دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازی کورد کە لەڕێگای هێزی میلیشیا و تالآنکردنی سەرچاوەکانی سامان و داهات و خۆبەستنەوە بە وڵاتانی ناوچەکەوە، درێژەی بە تەمەنی خۆیداوە و ململانێی لەگەڵ بۆرژوازی عێراقی کردووە، ئێستا ئەو دەسەڵاتە لەبەردەم بزوتنەوەی نارەزایەتیەکی جەماوەریدایە. بە کردەوەش سەلماوە کە هەر رادە لە باش بوونی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان و هەر ئاستێک لە چاکبوونی خزمەتگوازرییەکان و هەر بەرەو پیشچوونێک لە زەمینەی ئازادی و مافە فەردی و مەدەنیەکان و کەمترین ئاڵوگۆر و پێشرەوی لە ئاستی کۆمەڵایەتدا، لە گرەوی کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورددایە.. دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد سەرچاوەی سەرەکی هەرەشە و هۆکاری نەهامەتیەکانی سەر خەڵکی کوردستانە. بەرگرتن بە هەر هەرەشەیەکی دەرەکی و هەر دەستێوەردان و ملهوریەکی وڵاتانی ناوچەکە، بۆسەر خەڵکی کوردستان پێش مەرجەکەی کۆتاییهێنانە بەدەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، کە خۆی سەرچاوەی دۆخی ناهەمواری جەماوەری کریکار و زەحمەتکیش و هۆکاری نائەمنی و هەرەشەکانی بۆژوازی عێراقیشە بۆ سەر ویست و خواستەکانی سەر خەڵکی کوردستان و ئایندە سیاسیەکەی.

*** دەسەڵاتی بۆژوازی کورد و گرێدانەوەی کوردستان بە عێراقی عروبی و ئیسلامی لە چوارچێوەی فیدرالیزمی قەومیدا، لەدوو دەهەی رابردوودا سەرچاوەی سەرەکی کێشەکانی نێوان بەغدا و هەرێم بوون. بە گۆرانی هاوسەنگی هێزی دەسەڵات لە نێوان بەغداو هەرێمدا، ئاستی ململانێ و کێشەکان گۆرانیان بەسەدا هاتووە، تا بە ئێستا گەیشتووە.**

*** هەرەشەی سەر هەرێم... بە مانای واقعیەکەی یانی هەرەشە لەسەر دەسەڵاتی سیاسی هەرێم... وە هەرەشەی سەر خەڵکی کوردستانیش، یانی هەرەشەی دەسەڵاتی بۆرژوازی عیراقی بەگشتی و بۆرژوازی کورد بەتایبەتی لەسەر خەڵکی کوردستان و ئایننده سیاسیەکەی...**

# درێژەی... پێویستە ئارمی گۆرستانی بێ ناو نیشانی ژنان، لەسەر گۆری دەسەڵات وەکو سزانامەکەی هەڵبواسرێت!!

بەپێی زانیاریەکانی ناو ڕاپۆرتەکەی ئۆلا، ٢٢ ژن کوژراون، ٣١ ژن خۆیان کوشتووە، ٢٩ ژن، خۆیان سوتاندووە... لەم ئامارەدا هاتووە... لە پارێزگای هەولێر حەوت ژن کوژراون و ١٠ ژنیش خۆیان سوتاندووە.

لە پارێزگای سلێمانی چوار ژن کوژراون و شەش ژنیش خۆیان سوتاندووە...

لە پارێزگای دهۆک حەوت ژن کوژراون و هەشتیش خۆیان کوشتووەو ١٠ ژنیش خۆیان سوتاندووە...

لە ئیدارەی گەرمیان چوار ژن خۆیان کوشتووەو سێ ژنیش خۆیان سوتاندووە.

لە ئیدارەی ڕاپەڕین سێ ژن کوژراون و سێ ژنیش خۆیان کوشتووە...

لە ئیدارەی سۆران یەک ژن کوژراوە...

دیارە ئەو ئامارەی بڵاوکراوەتەوە، نیشانی دەدات کە هەلومەرجی ژنان و ئەمنیەتی ژنان، بەرەو دۆخێکی خراپتر چووە، هەروەها ئەو ئامارانە کەمتر لە ئاماری واقعین، چونکە کەم نین ئەو ژنانەی کە خۆیان دەسوتێنن و وەکو سوتانی ئاسایی تەماشا دەکرێن و وەکو خۆسوتاندن تۆمار ناکرێن... یان ژنانێک دەکوژرێن و ناهێڵرێت دۆسیەکەی تۆمار بکرێت.

بۆیە ئاماری کوژران و خۆسوتاندن و خۆکوژییەکان... زیاتر لەوەیە کە ڕاگەیاندراوە... ئەم ئامارانە نیشانی دەدات کە هەلومەرجی ژنان بەرەوخراپتر چووە...

دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا وەکو هەمیشە چ لەو ڕێگایەوە کە خۆی پشتی بە یاساو ریسای کۆنەپەرستانەی ئیسلامی بەستوە و چ بەو هۆیەوە کە پرسی ژن لای گرنگیەکی نییە، بۆیە زۆر بێدەربەستانە مامەڵە لەگەڵ کوشتن و خۆسوتاندنی و خۆ کوژی ژنان دەکات، ئەوەش کە وای کردووە تابێت توندوتیژی لە دژی ژنان زیاد بکات، لێنەپرسینەوەی یاسایی دروست و نەبوونی یاسایەک کە کوشتنی ژن وەکو کوشتنی بە ئەنقەست تەماشا بکات و بکوژانی بەو یاسایە سزا بدات، ئەوە وای کردووە کە زەمینەکان بۆ کوشتنی ژنان و لیپرسینەوە لەو هۆکارانەی ژنان ناچار بە خۆکوژی دەکات، زیاد بکات...

ئەم هەموو ئامارەی کوشتن و قوربانیانی ژنان... هیندەی تر دەسەڵاتی سیاسی دەخاتە بەردەم نارەزایەتی جەماوەرییەوە و کوشتنی ژنان و دۆزەخی ژیانیان، بەر لەهەموو هۆکارێک دەخاتە ئەستۆی دەسەڵات و ئەم دەسەڵاتە کە نەتوانێ سنوریک بۆ کوشتنی ژنان دابنێت و بکوژازنی ژنان بە سزای یاسایی مەدەنی بگەیەنێت...تەنها بۆ ئەوە باشە هەرچی زووە رابماڵرێت و ئارمی گۆرستانی بێ ناو نیشانی ژنان، لەسەر گۆری دەسەڵات وەکو سزانامەی دەسەڵات هەڵبواسرێت.

# درێژەی...هێرشەکان بۆسەر کۆرمۆر یان بۆسەر دەسەڵات بەگشتی...

هێرشی دادگای فیدرالی و بەدەستەوەگرتنی دەستووە بۆ دەرهێنانی دۆسیەی نەوت و غاز لە دەست دەسەڵاتی بۆژوازی کوردا لە هەلومەرجێکی تازەدا و لە ڕێگای نیشاندانی هێزەوە. واتە ناردنی پەیامێکی ئاشکرایە بۆ هەرێم کە ئەگەر بەشیوەی یاسایی مل بە رادەستکردنەوەی دۆسیەی نەوت غاز بە ناوەند نەبێت، ئەوا ڕێگای تریان هەیەو دەستپارێزی لە بەدەستەوەگرتنی ناکەن.

زۆربوونی هەرەشەکان بۆسەر هەرێم و لەو نێوەشدا کێڵگەکانی نەوت و غاز... رووداوێکی ئاسایی نین و ئەو لایەنانەش کە بەو کردەوانە هەڵدەستن، نادیار و ون نین و ناسنامەی خۆیان و ئەوانەش لە پشتیانەوە وەستاون، ڕۆشنە. بەڵام کورتکردنەوەی پەیامەکانی ئەم هێرشانە بۆ چەند موشەکێک و بۆسەر کێڵگەیەک، لێکدانەوەیەکی کەم و کورت و نارۆشنە، بەڵکو پەیامێکی گەورەتر و رۆشنترە کە واوەتر لە نەوت و غازە و سەرەتای دەستپێکی دەورەیەکی ترە لە ململانێی نێوان دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و عەرەبدا.

لە عێراقدا هاوسەنگی هێز ئاڵوگۆری بەرجەستەی بەسەردا هاتووە، بەپێی ئەو ئاڵوگۆڕانەش ڕیکەوتنامەکان جێگایان گۆراوە... ئەم ئاڵوگۆڕانە لە ساڵی ٢٠١٧ وە بە کردەوە دەستی پێکردووەو بە بەرتەسکردنەوەی دەسەڵاتی هەرێم لە رێگای دەرهێنانی دۆسیەی نەوت و غاز، بەشوێنێکی تر گەیشتووە. بۆرژوازی عێراقی هیچی تر ئامادەنییە دەسەڵاتی بەسەر دۆسیەی نەوت و غازدا، دابەش بکات و دەیەوێت لە ژێر هەژموونی خۆیدا بێت و لەو رێگایەشەوە کۆتایی بەو ئاستە لە رادەی دەسەڵاتی هەرێم بهێنێت و دەسەڵاتی هەرێم زۆتر لە ئاستی ئیدارییدا بمێنتەوە، سەرپیچی دەسەڵاتی هەرێمیش لە بریاری دادگای فیدرالی قبوڵ کراو نییەو هیزیش چ نافەرمی و میلیشیایەکەی و چ رەسمی و بەناو حکومیەکەی، لەخزمەت بەبڕیاری دادگای فیدرالیدا لەبەر دەستن... دیارە بۆرژوازی کورد، لە هیچ ئاستێکدا ناتوانێت تاسەر بەرگری لە هەلوێستی ئیستای بکات و توانای وەڵامدانەوەی چ لەباری سەربازی و چ لەباری جەماوەریی و یاساییەوە، نییە...

# لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبوەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە...

* هیچ بابەتێک بە زمانەکانی عەرەبی، فارسی، ئینگلزی... وەرناگرێت و خاوەنی بابەتەکان بەرپرسن لە وەرگێرانیان بۆ زمانی کوردی...

* بۆپێشەوە بەرپرس نییە لە هەڵەی ئیملایی ڕێنووسی ئەو بابەتانەی بۆی دێت...



# قەیرانی ئیسلامی سیاسی و ڕۆژئاوا!

نووسینی: ئیبراهیم حسێن

ئەو کۆمەڵە هەنگاو و ڕێکارانە کە ماکرۆن لە بەرامبەر ئیسلامی ڕادیکاڵ هێناویەتە پێش، بووە هۆی وروژاندنی سەرجەم ئیسلامی سیاسی لەمسەر و ئەوسەری دنیا. ئەم جوڵانەوەیە، لە ئۆردوغانی و ئیخوانیەوە کەلەیانەی دیموکراسی ڕۆژئاوادا لە ڕیزی هاوپەیمانە بوردەبارتر و کارەکتەرە عەقڵانی ترەکانی دروستکردنی کۆمەڵگەکانی پشت بەستوو بە کاری هەرزان و هەژاری و فەلاکەت و اختیناق و سەرکوت، ئەژماردەرێن، تا دەگا بە هێزە فالانژ و جیهادیەکان کە بە فەرمی کوشتن و سەربڕین و کۆمەڵکوژی ویژدان هەژێن کارنامەیانە، کەوتونەتە سەرجادەکان و بێ پەردە هەڕەشەی تاوان و ئینسانکوژی لەوەی تا ئێستاش زیاتر دەکەن. لەسەربڕینی مامۆستای قوتابخانە و هێرشی گەللەی کەللەشەق وشەقاوەکانی ئیسلامی سیاسی لە شەقامەکانی پاریس و پایەتەخت و شارەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، لە مەلاو ئاخوندە جامانە بەسەر و عەمامە بەسەرەکانی سلێمانی و هەولێرەوە تا دەگا بە مەلاو ئاخوندە دەم کەفکردوەکانی سەرمنبەرەکانی تاران و ئەنقەرە، تا هێرش و ڕژەی گەلە ئیسلامییە ئۆردۆغانیەکان، گۆشە جیاوازەکانی نمایشی و خۆ هەڵخستنی ئەم جوڵانەوەیەیە کە لە بن وبێخەوە، دژی ژیانە، دژی خۆشی و شادی و دژی ئازادییە.

جوڵانەوەیەک کە لەم سەر بۆ ئەو سەری دنیا، ژیان و شادی و بەختەوەری و خودی پیرۆزی زاتی مرۆڤ ئەتک دەکا، دەکوژێ و سەردەبڕێ و ئیعدام دەکا و بۆمب دادەنێتەوە و هاوڵاتیانێکی بێ ئاگا لەڕاڕەوەکانی قەرەباڵغترین شارەکانی دنیا، دەکاتە قوربانی، ژن بە ڕەسمی لە خەسڵەتی مرۆڤ دادەماڵێ و پێکەوە ژیان و وخودی ژیان و عەشق و یەکتر خۆشویستن، ئینکار دەکا، مۆسیقا و گۆرانی و هونەر و هەموو جیلوەیەک لەخلوقیەتی مرۆڤانە، وەک گوناهی کەبیرە دەناسێنێ و دەستدرێژی دەکاتە سەر شەرەف و کەرامەتی ئینسانی ژن، منداڵ و گیانەوەر ئازاری پیشە و کارنامەیەتی، دەمی کردۆتەوەو بەوپەڕی حەقارەتەوە، خوازیاری بەشێکی زیاترە لە ساختاری دەسەڵات لە دنیای کاپیتالیزمی هاوچەرخدا کە بەشێوەیەک گەیشتۆتە دوا ڕێگاکانی خۆی کە نایەوێ و ناتوانێ دەمی جوڵانەوەیەکی تەنانەت بەو ئەندازە فاشیست و دژی ژیان، دژی جۆردۆستی و هەموو بەهایەکی جیهانشمول دابخا.

ئەمە ئیتر جوڵانەوەی دینیی کەسانێکی باوەڕداری سادە نییە کە بیەوێ زوهد و خواپەرستی و ڕیتواڵەکانی خۆی، لە خەڵوەتی خۆیدا بۆخۆی پیادە بکات، ئەمە تئۆکراتیسم نییە، دینێک نییە کە بیەوێ وەک ئەفیون ئینسانی شەکەت و چەوساوە، دڵنەوایی بکات، ئاهونزولەی نزولەی مرۆڤی داماو و دڵی دنیای بێدڵ نییە چیتر، بەڵکو جوڵانەوەیەکی سیاسی و هاوچەرخ و یەکێکە لە کارەکتەرە کەللە شەقە سیاسیەکان کە وەک فاشیزم، وەک شۆڤێنیزم لەداوێنی سەرمایە کەوتۆتەخوارەوە. چاوی لە دەسەڵاتە و خوازیاری بەشی خۆیەتی لەساختاری سیاسی سەرمایەداری هاوچەرخ. لە بابەتی ڕۆڵێک کە لەبێدەنگکردنی کۆمەڵگە و چینی کرێکار و سەرکوت و لەخوێن هەڵکێشانی کۆمۆنیزم وچەپ و نارەزایەتی وشۆڕشەکان و یەک وشەدا لە ڕێکخستنەوەی کۆنەپەرستانە و ڕاستڕاوانەی کۆمەڵگەو دەسەڵات دا هەیەتی، داوای بەشی خۆی دەکاو تەنانەت ڕۆژهەڵاتی بازاڕی کاری هەرزان و هەژاری و فەلاکەت و اختناقی سەرتاپاگیر، کە لەبەشی هەرە زۆری خۆیدا هەمان ئیسلامی سیاسی پارێزەر وپاسەوانیەتی، بە هی خۆی دەزانێ.

ئەگەرچی کۆمەڵە ڕێکارو هەنگاوێک کە فەرەنسە و ماکرۆن گرتویەتیە بەر، بەراورد بە سیاسەت وئایدیۆلۆژیای پۆستمۆدرنیستی و مۆڵتی کاڵچەریزم و ڕێژەیی فەرهەنگی کلتوریی بورژوازی لە ڕۆژئاوا کە بێجگە لە هەڵبەستنی پاساوی ئایدیۆلۆژی و سیاسی بۆ ئینکارکردنی پرەنسیپەکانی ماف و بەها ئینسانیە جیهانشمولەکان و دروستکردنی دیوار و گیتۆی فەرهەنگی دواکەوتوانە و تێکشکادنی شوناسی جیهانشمولی ئینسانی و چینایەتی مرۆڤ لە فەلسەفەی سیاسی ڕۆژئاوادا نییە، چەند هەنگاوێک لە پێشترە، بەڵام هێشتا هەنگاو و پرۆژەیەکە بۆ بەرتەسککردنەوە و ناچارکردنی ئیسلامی ڕادیکاڵ بە مەرجەکانی ڕۆژئاواو بورژازی، بە تایبەتی کە پێی ئەو ڕەوتە ئیتر کێشراوەتە ڕۆژئاوا و لە شەڕی سوریاو عێراق و ناوچەکە دا فەوج و ڕەوەکانی ئیسلامیە جیهایەکانی لەوەڕاو لەسەر پارەی سوسیال و پەناگرتو لە پشتی تیزی ڕاسیستانەی ڕێژەیی کلتوری و مۆڵتی کلچەریزم، لە خودی ڕۆژئاواوە وە بە پەسەپۆرتی ئەو وڵاتانە ڕژانە ناو ڕژەکانی جیهادی نیکاح و سەربڕین و بە کەنیزەک کردن و وێرانکردنی ژیان و مەدەنیەت لە ڕۆژهەڵات دا.

بێگومان ئەگەر زەلکاوی ئەفغانستان و عێراق و سوریا یان نەخولقاندبا، ئەگەر بە موشەک و میلیتاریزم و گەمارۆی ئابوری ئەو کۆمەڵگەیانەیان نە گۆڕیبا بە وێرانە، ئەوهەمەجیتەی ئیسلامی سیاسی بەو شێوەیە و لەو ئاستەدا هەرگیز نەیدەتوانی هێز و نفوز بگرێ و بەو ئاستە بتوانێ ببێتە هەڕەشە بۆسەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی.

لەوەش گرنگتر ڕۆژئاوا بە خولقاندنی دەوڵەتی مەزهەبی و قەومی ئیسرائیل و کێشەی عەرەب و ئیسرائیل، ئەو بەشەی دنیای بە کردەوە لە ئیمکانی تێکەڵبوون و ئەنتەگرەبوون لە پەیکەرەیەکی کەم تازۆر هاوشێوەی ئابوری و سیاسی و پیشەسازی و فە رهەنگێکی پیشەسازی و مۆدێرن بێبەش کرد و هەر ئەم چاڵە ڕەشە، ئەم دابڕانە قوڵە، هەر ئەم وشک بوونەی سەرچاوەکانی گەشەکردن لەو بەشەی دنیا، لە ئامادەنەبوونی چینی کرێکار و کۆمۆنیزم، لە حاڵەتی لاوازی کۆمۆنیزمێکی ئاوانگاردی کرێکاری و کۆمەڵایەتی، لەلایەک بووە هۆی کوێربوونەوەی پرۆژەی مدێرنیزاسیۆنی بورژوازی عەرەب و لە لایەکی تر گیانی کردە بەر ئەو بێدار بوون و ڕابونە سیاسیە فاشیستیەی ئیسلامی سیاسی.

ئیسلامی سیاسی لەو چاڵە ڕەشەوە، لە دڵی دواکەوتویی و دواکەوتنێکی پیشەسازی و تەکنۆلۆژی و فەرهەنگی سەری دەرهێنا و دەستی کرد بە باجگیری و بەشخوازی لە ساختاری سیاسی کاپیتالیزمی ئەمڕۆ و هۆکارێکی تر کە پەڕوباڵی بەم ئیسلامە سیاسیە، بەم دێوەزمە سیاسیە فاشیستیە ترسناکە دا بێگومان ڕۆڵی ئەو جوڵانەوە فاشیستیە یە لە سەرکوتی کۆمەڵگە و شۆڕش و چینی کرێکار و چەپی کۆمەڵگە و داسەپاندنی هەژاری و ئیستیبدادی سیاسی لە و کاتانەی کە بۆرژوازی لە نێو خۆیدا پێویستی بە کاندیدێک هەبوو کە بتوانێ زۆر و قەهر لەوپەڕی خۆیدا بەکاربهێنێ و مەسەلەی مانەوە و ئارامی بۆسەرمایە لەسەردەمەکانی شۆڕش و هەڵچونی کۆمەڵایەتی دابین بکا. شۆڕشی ئێران بێکومان یەکێکە لەو وێستگانە. بەبێ سەرکوت و لە خوێن هەڵکێشانی شۆڕشی ئێران و چەپ و چینی کرێکار لە ئێران، چاوەڕوانی ئەوەی کە ئەم ڕەوتە هەمەجیە بتوانێ ڕۆڵێکی بەو جۆرە بە دەست بهێنێ زۆر زەحمەت بوو.

هەر چۆنێک بێ لێرەدا ڕاستیەک کە لەو جەدەلەی ئێستا دا دەکەوێتە ژێر پڕوپەگەندەوە، دەربکێشین کە ئەویش ئەوەیە، کە لە کەناری ئەم جیداله فەرعیانەی نێوان ئیسلامی سیاسی لەسەر بەشی خۆی لە ساختاری سیاسی سەرمایەداریدا، ئەم جوڵانەوەیەی ئیسلامی سیاسی لە هەمان ئەو ڕۆژهەڵاتەی کە بە ناویەوە زمان درێژی دەکا، لەگەڵ هەر جیلوەیەکی ئینسانی ژیان، لەگەڵ شێوە سادەکانی دەرکەوتنی ئازادانەی مرۆڤ، لەگەڵ عەشق و خەلاقیەت، لەگەڵ گۆرانی و شادی و هونەر و هەموو گوزارشتێکی ڕەسەنی هاوڵاتیان و لەوێشەوە و هەر بەهۆی ئەم بەرکەوتنە ڕلستەوخۆیەی لەگەڵ ئەم لایەنە سادانەی ژیان و مانەوە ی مرۆڤ بە قوڵی لەناکۆکی و لە جەنگێکی هەموو ڕۆژەدایە.

ئەو جوڵانەوە هەموو ڕۆژێک و بگرە هەر چرکەیەک ناچارە بجەنگێ بۆ مانەوە، ناچارە بجەنگێ بۆ دەرنەکەوتنی قژی ژن، بۆ دەرنەکەوتنی جوانی، بۆ بەرز نەبوونەوەی دەنگی مۆسیقا و گۆرانی، بۆ ڕێگە گرتن لەوەی نەسڵی لاو نەتوانێ جیلوەکانی عەشق بە ژیان و داهێنان و ژیان دۆستی، لەخۆی نیشان بدا. هەر ڕۆژ و چرکەیەک ئەو ڕژێمە دەبێ ئیعدام بکا، بکوژێ و داپڵۆسێ تابتوانێ ڕێگە بگرێ لەوەی چینی کرێکار لە ئێران پێ بنێتە مەیدان، دەستی ڕابگا بەڕێکخراوە جەماوەرییەکانی خۆی، بە شورا و سەندیکا، چونکە بە پێی ئەوسروشتە تایبەتە ئەو ئیسلامە سیاسیە، کەناتوانێ سازش لەگەڵ سەرەتاکانی ژیانێکی ئاساییدا بکات، هەر جوڵەو هەڵچونێک تەنانەت بۆ هەر شتێک بە ناچار کۆی ئەودەسەڵاتە دەتوانێ بخاتە ناو جەنگی مانەوە. ئەمە ناوەڕۆکی واقیعی قەیران و بێ ئایندەیی ئیسلام و ئیسلامی سیاسیە. ئەمە بەریەکەوتن و قەیرانێکی واقعیە، ئەو ئیسلامە بە پێی سروشتە، سروشتە سیاسیەکەی کە وای لێ دەکا ڕاستەوخۆ توشی بەرکەوتنێکی ڕیشەیی بێت لەگەڵ کۆی سەرەتاکانی ژیانێکی سادە ناتوانێ هەرگیز بێتە سەرخانێکی سیاسی نۆرماڵ تەنانەت بۆ گەشە سەرمایەداری، هەرگیز ناتوانێ هەلومەرجێکی تەنانەت تاڕاددەیەک ئارام بۆ سەرمایە و کارکردەکانی فەراهەم بکاو هەرگیز ئەو وڵاتانە ناتوانن بین بە حەوزەی درێژخانی سەرمایەگوزاری و ڕاکێشانی تەکنیک و سەرچاوەکانی گەشە لە هیچ ئاستێکدا و بەو پێیەش هەمیشە لەگەڵ کێشەی مانەوەدا دەمێننەوە.

ئەوەی کە بۆرژوازی ڕۆژئاوا لە سەدەی 21 ئەوەندە ئاوانگارد و پێشڕەو بێت کە بیەوێ بە شێوەیەکی هەمەلایەنە دەست و پێی ئەو ئیسلامە سیاسیە کۆبکاتەوەو بەرگرییەکی لێبڕاو لە بەهاو ئەرزشە جیهانشمولەکان، بکاتە ئەجێندای خۆی و دەست لە تێزی مۆڵتیکاڵچەریزم و ڕێژەگەری کولتوری و هتد هەڵبگرێ، ئامادە بێ مافی منداڵانی کچی لە مەلەکردن و سەما و گۆرانی و منداڵانە ژیان وەک هەر هاوڵاتی و مرۆڤێکی تر بسەپێنێ و دابینی بکا، ئەگەر ڕێگە لەوە بگرێ دەست بۆ لەش و گیانی منداڵان ببرێ و دەستبردن بۆ ئەوکارە هەڵوەشێنیتەوە، ئەگەر بیەوێ بانگەشەی کەراهیەت و توندوتیژی و هۆش و هزری منداڵ لە داشۆرین و سڕینەوەی مەزهەبی، بپارێزێ، ئەگەر ڕێگا نەدا کچانی منداڵ لە عەبا و مەقنعەی مەزهەبیەوە بپێچرێن و لە تێکەڵی و ژیانی هاوبەش بێبەش بکرێن، ئەگەر ڕێگا لە پدۆفیلی شەرعیی ئیسلامی بگرێ، ئەگەر ئەو بنکە و بنیادانەی ئیسلامی سیاسی کە کاریان هاندانی توندوتیژی و پەروەردەکردنی گەلەی ئیسلامیە کەللە شەقە دژی ژیان و مەدەنیەتە، ئامادەبێ بخاتە ژێر کۆنترۆڵەوە و خودی دین و دەزگای دینی و پیشەسازی دین وە ک توتن و ئەفیون و بازرگانانی ئەو بوارە و مەلاو ئاخوند و تۆڕو باندەکانی بکاتە پێڕەوی یاسا و ڕێساکانی پاراستنی گیان و ڕۆحی هاوڵاتیانێک، کە بەدەر لە ئیرادەی خۆیان و هەر بەوەی بە

بۆ لاپەڕە 16

## پرسی ڕۆژ کۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...

bopeshawa@gmail.com

# بەڕێز ئومەر ئەمین وەڵام بە پرسی ڕۆژی ژمارە دەداتەوە...



**پرسی ڕۆژ:**

٢٠ی حوزەیران سەرۆکی حکومەتی هەرێم (مەسرور بارزانی) کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ بەشیک لە ڕۆژنامەنووسانی دەزگا جیاوازەکانی هەرێم ئەنجامدا. لە وتارێکی درێژی خۆیدا قسەی لەسەر زۆر ڕەوشی وەك (ئازادی بیروڕاو، ڕۆژنامەنووسی و قەیرانە جۆراوجۆرەکانی کوردستان) دا کرد.

لە چوارچێوەی قسەکانی سەرۆك وەزیران و ڕۆژنامەنووسەکان و تەواوی کۆبوونەوەکەدا، ئێوە ناوەرۆك و هۆکار و ئەنجام و شێوەی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەکە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ دەتوانن پەیامی پشتی ئەو کۆبوونەوەیە دەستنیشان بکەن؟ تا چەندە هەر یەکە لە مەسرور بارزانی و ڕۆژنامەنووسەکان توانیان پەیامی خۆیان بگەیەنن؟

**ئۆمەر ئەمین کەسایەتی سیاسی بەمشێوەیە وەڵام پرسی ڕۆژی ئەم ژمارەیەی داینەوە؛**

کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیەکەی مەسرور بارزانی لەگەڵ هەندێك لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، کردەیەکی تازە نییە، بەڵکو لەڕابردوو چەندین جاری تریش ئەم جۆرە کۆنگرانە بۆ سەرۆکایەتیەکانی هەرێم وحکومەت وپەرلەمان و سەرۆك و مەکتەب سیاسیەکانی حیزبی دەسەڵاتدار سازکراوە.

هەربۆیە ئەگەر لەم دیاردەی چاوپێکەوتنانە وردبینەوە زیاتر دەچێتە ناو سەردەمی جۆرێك لەمیدیایی ناو سیستەمی لیبراڵیزم، تەنانەت پەیوەندی بە دیموکراتیشەوە نییە! بەڵکو زیاتر وەك نمایشێکی ناو دنیای نمایشکاری دیردەکان و شۆکانی لیبراڵیزم دەردەکەوێ، ئەوەی دەسەڵات دەیەوێ دروستکردنی مەساحەیەکی بەرتەسکە لە ڕای تاکە کەسی، کەدەیەوێ خۆی بخاتە جێگەی هەموو دەنگەکانی تر و پێمان بڵێ ئەوە دەنگەکەتانە لێرە دەدوێ، کە لە ڕاستیدا ئەوە دەنگە دووبارەو بێزارەکەی ناو یاریەکانی دەسەڵاتە، کە هەمیشە دەیەوێ تەزوە بێزاریی و توڕەییەکانی کۆمەڵگەی لێوە خاڵی بکاتەوە! یان بە دەربڕینێك پێمان بوترێ ئەوەی تۆ دەیڵێیت، یان ئەوەی خەڵکی بێبەش و نەدار و زوڵم لێکراو دەیەوێ بیڵێت، ئەوەتانێ لەڕێگەی ئەم چەند میدیا کاراوە وترا! لەکاتێکدا خەڵك و کۆمەڵگەی کوردستان زۆر لەوە واوەتریان بە دەسەڵات و حکومەتەکەی مەسرور بارزانی وتوە.

ئەم جۆرە لە نمایشی لیبراڵانەی دەسەڵات و میدیا، خۆی لەخۆیدا هیچ پەیوەندیەکی بە پرۆسیسێکی دیموکراتیشەوە نییە، ئەوەی لەوێ نیە ئەو جۆرە لەمیدیا و ڕۆژنامەوانانن کە خودی دەسەڵات ئامانجیەتی بێدەنگیان بکات، ناشیەوێ نەبیان ناسێنێت نە گوێشیان لێبگرێ، چونکە ئەوانە خاوەن دەنگی جوڵانەوەی دەرەوەی پرۆسەی سیستەمەکەی دەسەڵاتی مەسرور بارزانین. ڕەخنەگرو خاوەن دیدگایەکی بەئاگان لەپێشخستنی زهنیەت وداهێنانی مۆدێلی تری دەرەوەی ئەو مۆدێلە شکستخواردوەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی و مولحەقەکانیان. ئەگەر باسێك لەئازادی و دیموکراتی هەبێ لەناو ئەو دیدارانەدا کە بۆ سەرۆکی حکومەت و بەرپرسەکان ساز دەکرێ، ئەوا حەقمانە بپرسین بۆ دەرگای ئەم دیدارانە ئاواڵا ناکەن؟

ئەم دیدارەی مەسرور بارزانی دەرئەنجامی شکست و قەیرانێکی قورسی دەسەڵاتی پارتی ویەکێتیە، سێ دەیەیە دەسەڵاتی ئەم دوو حیزبە ئیدارەیەکی خراپی ئەم هەرێمە دەکەن، کێشەکان و قەیرانەکان ڕۆژ دوای ڕۆژ لەهەڵکشان وگەورەبوندابووە، ئەمانە پەیوەنیان بە خەڵك و بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگەی کوردستانەوە نەبوە، دۆخی ئابووری وکۆمەڵایەتی وفەرهەنگی وهونەری وکەلتوری بەتەواوی توشی ئیفلیجی ودارمان بوە، چینێکی سەرمایەداری ملیاردێر هەڵتۆقیوە وگەورەبووە، کە هەموو بەهاو نرخەکانی کۆمەڵگە لەخزمەتی چاوچنۆکی تایبەتی خۆیان بەکاردێنن. لەبەرامبەریشدا بەشی زۆری کۆمەڵگە بێبەش، و لەدۆخی نەبوونی وهەژاری ڕاگیراون.

ئەم بارودۆخە خراپە دەنگی لەکۆمەڵگە هەڵساندوە، نارەزایەتی چین وتوێژەکان بۆدابینکردنی پێداویستیەکانی ژیانیان لەپەرەسەندندایە، و خەڵك داخوازیەکانیان بێ وەڵام ماوەتەوەو کەس نییە جوابیان بداتەوە. لەلایەکی ترەوە بارودۆخی ئەمنی هەرێمی کوردستان و خەڵك ڕۆژ دوای ڕۆژ بەرەو خراپترو ترسناکی دەڕوات، کوردستان لەسەر دەستی ئەم دەسەڵاتە بوەتە لانکەی دەزگا جاسوسیی و مرۆڤ کوژەکانی تورکیاو ئێران، تیرۆری ئاشکرای کەسایەتی سیاسی و لایەنەکانی دژبەری ئەو دوو دەوڵەتە داگیرکەرە، بوەتە کارێکی ڕۆتینی لای دەسەڵاتداران، بەتایبەت دەسەڵاتەکەی مەسرور بارزانی کە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ هاوکاریان دەکەن.

دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی وابەستەی سیاسەتەکانی دەوڵەتانی ناوچەکەن، خۆیان خاوەنی هیج ئیرادەیەکی سەربەخۆنین، هەربۆیە ئێستا کێشەکانیان هێندە قوڵبوەتەوە کە ناتوانن هەنگاو هەڵگرن.

هەربۆیە پەنا دێنن جارێکیتر بۆ ئەم جۆرە لەدیدارە، و ئامانجیان ئەوەیە لەڕێگەی ئەم میدیایانەوە بە خەڵکی کوردستان بڵێن ئەوەی هەیە، ئێمە لێی بێبەرین و دۆخەکە ترسەکەی بەوجۆرەیە کە (نیشتمانەکەمان!)پێویستی بە هەموومانەو دەبێ خۆشەویستی نیشتمان پێش هەرشتێکبێت!!

مەسرور بارزانی هەم پێویستی بە ستایش بوو، هەم پێویستی بەوە بوو کە قسەی خۆیی و پڕوپاگەندەکانی بەشێوەیەکی فراوانتر بگەیەنێ. چونکە وەك پێشتر باسمکرد؛ ئەم دەسەڵاتە ئامانجی کۆنتڕۆڵکردنی مرۆڤی ئێمەیە، ئامانجیان کۆنتڕۆڵکردنی زهن و بیرکردنەوەی کۆمەڵگەو خەڵکەکەیەتی، ڕەخنەکان هەمووی ڕۆتین بوون، ئەوانەی ڕۆژنامەنوسەکان وتیان، بەوانەشەوە کە خۆیان وەك نارازی و ڕەخنەگری توند پیشاندا، هیچی نەبوو نەبیسترابێ!! ئەم دەسەڵاتە لەم جۆرە ڕەخنە بێ خاوەنانەی پێویستە، چونکە جوڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتی ڕێکخراوی نییە، لەگەڵ زانی جوڵانەوەیەکی جەماوەری ڕێکخراو خەریکە شکڵ دەگرێ، دەیان سیناریۆی سەرکوت و تەسفیەکردن دێننە ئاراوە بۆی.

هەربۆیە ئەوەی مەسرور بارزانی ئەنجامیدا لەو دیدارە، هەم ستایشی بوو، هەم پروپاگەندە بوو بۆ دۆخێك کە ئێستا دەهۆڵەکەی دەکوتن و دەیانەوێ قەیرانە قووڵەکانی خۆیانی پێ داپۆشن، (لەکێشە لەگەڵ بەغداد و داگیرکردنی سەرچاوە سروشتیەکانی کوردستان و تێکدانی سەروەری هەرێم و نیشتمانی کوردان!!) کە ئەمە بێ لەو پڕوپاگەندە چەند بارە سواوەی کوردایەتی فاشیل هیچی تر نییە. لەکۆتایدا دەبێ ئەوەیان پێ بووترێ، ئەگەر ئەوەندە بەتەنگ کوردستان و خاکەکەیەوەن بۆ ئیرادەی ئەوەتان نییە بە دەوڵەتی تورکیا بڵێن بۆ سەروەریی ئەم کوردستانە پێشێل دەکەن؟! یان ئەوەیە ئەم نیشتمانەی ئێوە ناوی دەهێنن بێ لەسەرچاوەیەکی باش بۆ کەڵەکەی سەرمایە و دەسەڵاتی خۆتان بەسەریدا هیچی تر نییە.

**ئومەر ئەمین: کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیەکەی مەسرور بارزانی لەگەڵ هەندێك لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، کردەیەکی تازە نییە، بەڵکو لەڕابردوو چەندین جاری تریش ئەم جۆرە کۆنگرانە بۆ سەرۆکایەتیەکانی هەرێم وحکومەت وپەرلەمان و سەرۆك و مەکتەب سیاسیەکانی حیزبی دەسەڵاتدار سازکراوە.**

**هەربۆیە ئەگەر لەم دیاردەی چاوپێکەوتنانە وردبینەوە زیاتر دەچێتە ناو سەردەمی جۆرێك لەمیدیایی ناو سیستەمی لیبراڵیزم، تەنانەت پەیوەندی بە دیموکراتیشەوە نییە! بەڵکو زیاتر وەك نمایشێکی ناو دنیای نمایشکاری دیردەکان و شۆکانی لیبراڵیزم دەردەکەوێ، ئەوەی دەسەڵات دەیەوێ دروستکردنی مەساحەیەکی بەرتەسکە لە ڕای تاکە کەسی، کەدەیەوێ خۆی بخاتە جێگەی هەموو دەنگەکانی تر و پێمان بڵێ ئەوە دەنگەکەتانە لێرە دەدوێ، کە لە ڕاستیدا ئەوە دەنگە دووبارەو بێزارەکەی ناو یاریەکانی دەسەڵاتە، کە هەمیشە دەیەوێ تەزوە بێزاریی و توڕەییەکانی کۆمەڵگەی لێوە خاڵی بکاتەوە! یان بە دەربڕینێك پێمان بوترێ ئەوەی تۆ دەیڵێیت، یان ئەوەی خەڵکی بێبەش و نەدار و زوڵم لێکراو دەیەوێ بیڵێت، ئەوەتانێ لەڕێگەی ئەم چەند میدیا کاراوە وترا! لەکاتێکدا خەڵك و کۆمەڵگەی کوردستان زۆر لەوە واوەتریان بە دەسەڵات و حکومەتەکەی مەسرور بارزانی وتوە.**



# ئاوڕدانەوەیەک لە مانگرتنی کرێکارانی کێڵگە خەڵوزێکانی ساڵانی ١٩٨٤ – ١٩٨٥ لە بەریتانیا...

**نووسینی: توانا حەمەنوری**

مانگرتنی کرێکارانی کێڵگە خەڵوزییەکان لە ساڵانی ١٩٨٤-١٩٨٥ ململانێ و کێشمەکێشێکی مەزنی نێوان کرێکارانی کێڵگە خەڵوزێکانی بەریتانیا دژی دەسەڵات و بەڕێوەبەرایەتی کێڵگە خەڵوزێکان بوو. لەلایەن نیقابە و کرێکارانەوە هەوڵێک بوو بۆ ڕێگریکردن لە داخستنی کێڵگە خەڵوزێکان و بێکارکردنی هەزارەها کرێکار. بەڕێز ئارثەر سکارگیل سەرۆکی یەکێتی نیشتمانی کرێکارانی کێڵگە خەڵوزێکان (NUM)سەرکردایەتی مانگرتنەکەی دەکرد دژی دەستەی نیشتمانی خەڵوز (NCB)کە دەزگایەکی حکومی بوو. مانگرتنەکە خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە مێژووی بەریتانیا و هەژمونی دەسەڵات بەسەر نیقابە کرێکاریەکاندا. دژایەتیکردنی مانگرتنەکە لەلایەن حکومەتی موحافزینی سەرۆکوەزیران مارگریت تاتشەرەوە سەرکردایەتی دەکرا کە دەیویست دەسەڵاتی سەندیکاکان تێکبشکێنێ و ڕێگاش ئاوەڵاتر بکات بۆ بەتایبەتیکردنی سێکتەرە جیاوازەکانی ئابووری بەریتانیا و هەندێ لەو پیشەسازییانەی حکومەت خاوەندارێتی دەکرد. ئەرکی دەورەی یەکەمی حکومەتی تاتشەر بریتی بوو لە تێکشکاندنی یەکڕیزی نیقابە کرێکارییەکان و بەتایبەتیکردنی پیشەسازییە گرنگەکانی بەریتانیا بوو. تاتشەر نوێنەرێکی سەرسەختی نیولیبرالیزم بوو، چونکە هەوڵیئەدا کۆنترۆڵی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و سێکتەرە ئابوورییەکان لە کەرتی گشتیەوە بگوازێتەوە بۆ کەرتی تایبەت و برەوی بە سەرمایەداری بازاڕی ئازاد دەدا و بەرزی دەکردەوە. هەروەها ئەیویست سنوورێک بۆ خەرجییەکانی حکومەت و ڕێکخستنی حکومەت و خاوەندارێتی گشتی دابنێت و هێرش بکاتە سەر مافی کرێکاران و سەندیکاکانی. تاتشەر باوەڕی بە بوونی کۆمەڵگە نەبوو. ئەیوت شتی وا نییە! ژن و پیاوی تاک و خێزان هەیە. تاتشەر نەک هێرشی دەکردە سەر یەکڕیزی کرێکاران بەڵکو بە بەرنامە هێرشیشی دەکردە سەر تێگەیشتنی خەڵک سەبارەت بە چینی کرێکار.

لە کاتێکدا زیاتر لە ١٠٠٠ کێڵگەی خەڵوز لە بەریتانیا لە ماوەی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا کاریان دەکرد، تا ساڵی ١٩٨٤ ئەم ژمارەیە بۆ ١٧٣ کێڵگەی خەڵوز دابەزیبوو. لە یەک ملیۆن کرێکار لە ساڵی ١٩٢٢ دابەزیبوو بۆ ٢٣١،٠٠٠ لە ساڵی ١٩٨٢. ئەم دابەزینە لە کارکردن لە کێڵگە خەڵوزێکاندا لە سەرانسەری ڕۆژئاوا ڕەنگی دابۆوە.

کێڵگەکانی خەڵوز لە ساڵی ١٩٤٧ لەلایەن حکومەتی پارتی کرێکاران نیشتمانی کرا، لەلایەن دەستەی نیشتمانی خەڵوزەوە (NCB)لە ژێر دەستی ئیان ماکگریگۆر لە ساڵی ١٩٨٤ بەڕێوەدەبرا. وەک لە زۆربەی ئەوروپادا، پیشەسازییەکە بە شێوەیەکی زۆر سپانسۆر دەکرا. لە ساڵانی ١٩٨٢-١٩٨٣، زیانەکانی کارکردن بۆ هەر تۆنێک ٣،٠٥ پاوەند بوو، و نرخی بازاڕی نێودەوڵەتی بۆ خەڵوز نزیکەی ٢٥% هەرزانتر بوو.

دەستەی نیشتمانی خەڵوز (NCB)لە ٦ی ئازاری ١٩٨٤ ڕایگەیاند بەنیازن توانای نیشتمانی بە بڕی ٤ ملیۆن تۆن کەم بکەنەوە و ٢٠ کێڵگە دابخەن و ٢٠ هەزار کرێکاریش بێکاربکەن. بڕیاریشیان دابوو لە نزیکترین کاتدا کێڵگەی دوو ناوچەی تری گرنگ دابخرێت. لە ١٢ی ئازاری ١٩٨٤، بەڕێز ئارثەر سکارگیل، سەرۆکی یەکێتی نیشتمانی کرێکارانی کێڵگە خەڵوزێکان (NUM)مانگرتنێکی نیشتمانی لە دژی داخستنی کێڵگە خەلوزێکانی ڕاگەیاند. کاتی ڕاگەیاندنی مانگرتنەکە یەکێتی نیشتمانی کرێکارانی کێڵگە خەڵوزێکان ١٧٠ هەزار کرێکار ئەندامی هەبوو. بڕیاری مانگرتن لە ڕووی تەکنیکییەوە نایاسایی بوو، چونکە هیچ دەنگدانێکی نیشتمانی ئەندامانی سەندیکاکەی لەسەر نەبووە، هەرچەندە بۆ نموونە کێڵگە خەڵوزێکانی نۆتینگامشایر و میدلەندز داوای دەنگدانی نیشتمانیان کردبوو. کرێکارانی کێڵگەکانی یۆرکشایر و کێنت یەکەم بەش بوون مانیان گرت و دواتر کرێکارانی کێڵگەی خەڵوزی سکۆتلەندا و باشووری وێڵز و دورهام مانیان گرت. بەریتانیا داخڵی شەڕێکی گەورە و سەختی چینایەتی بوو، لەلایەک حکومەت و پۆلیس و میدیا و لەلاکەی تریش کرێکارانی یەکێتی نیشتمانی کرێکارانی کێڵگە خەڵوزیەکان بەشداربوون.

لەگەڵ پەرەسەندنی مانگرتن و فراوانبوونی خۆپیشاندانەکان و پشتگیریان لەلایەن خەڵکەوە چەندین ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژ لە نێوان کرێکارانی مانگرتوو دژی پۆلیس ڕوویدا. لە میانەی مانگرتنەکەدا کۆبوونەوەی جەماوەری و ڕێپێوانی گەورە بەڕێوە دەچوو وەک بۆ نموونە لە مانسفیڵد لە مانگی ئایاری ١٩٨٤دا، کاتێک کرێکارانی هێڵی ئاسن و دەریا (RMT)بە کرێکارانی مانگرتوو لەگەڵ خێزانەکانیان پەیوەست بوون. ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەرەکی لە کێڵگە خەڵوزێکانی ئۆرگریف لە ناوچەی یۆرکشایەر ڕوویدا. شەڕی ئۆرگریڤ پێکدادانێکی توندوتیژ بوو لە ١٨ی حوزەیرانی ١٩٨٤ لە نێوان ١٠ هەزار کرێکاری مانگرتوو دژی پۆلیسی باشووری یۆرکشایەر (SYP)و هێزی دیکەی پۆلیس، لەنێویاندا پۆلیسی پایتەخت، کۆمپانیای سیکیوریتی پۆڵا بەریتانی (BSC)لە ئۆرگریڤ، لە ڕۆتەرهام، باشووری یۆرکشایر هێنرابوون.

ژنان سەرچاوەیەکی گرنگی پشتگیری بوون بۆ کرێکارانی مانگرتوو. ژنان گروپیان دامەزراند و چێشتخانەیان ڕێکخست بۆ دروستکردنی خواردنی گەرم. هەروەها ژنان چالاکانە پەیوەست دەبوون بە هێڵەکانی پێشەوەی بەرەنگاربوونەوە و شەڕکردن، بەشداریان لە ڕووبەڕووبوونەوەکان لەگەڵ پۆلیسدا دەکرد و لە کۆبوونەوە سیاسییەکاندا قسەیان دەکرد و بە وڵاتدا دەگەڕان. لەسەر ئاستی نیشتمانی، ژنان کۆنفرانسی 'ژنان دژی داخستنی کێڵگە خەلوزێکان'یان ڕێکخست و لە ١١ی ئابی ١٩٨٤، داواکارییەکیان ڕادەستی شاژنی بەریتانیا کرد. هەروەها مانگرتنەکە پشتگیری نێودەوڵەتیشی بەدەستهێنابوو. بارهەڵگرەکان دیاری کریسمسیان بۆ منداڵانی مانگرتوو لە ئەڵمانیا و بەلجیکا و فەرەنساوە ئەهێنا و هەندێک لە منداڵانیش داوەتی دەرەوەی وڵات کرابوون بۆ بەسەربردنی پشووەکانی جەژنی کریسمس لە ئەوروپا.

سەرەڕای پشتگیری نێودەوڵەتی و ناوخۆیی، مانگرتنەکە لە کۆتایی ١٩٨٥ بەرەو لاوازبوون و هەڵوەشاندنەوە دەچوو، چونکە کرێکاران ڕووبەڕووی ژیانێکی سەختی دارایی بووبونەوە، ژمارەیەکیان گەڕانەوە سەر کارەکانیان. کرێکاران دوو کەرت بوون و NUMنەیتوانیبوو پشتگیری لە سەندیکا پیشەسازییە سەرەکییەکانی دیکە بەدەستبهێنێت و لقی نۆتینگهامشایر هەڕەشەی پێکهێنانی سەندیکایەکی جیاکەرەوەی جیاوازی دەکرد (کە دواتر کردیان، یەکێتی کرێکارانی دیموکراتیکی کێڵگە خەڵوزێکانیان پێکهێنا). لە ئەنجامدا لە ٣ی ئازاری ١٩٨٥، ساڵێک دوای ڕاگەیاندنی مانگرتنەکە، NUMبە ٩٨-٩١ دەنگی بە گەڕانەوەی ڕێکخراو بۆسەر کاردا. کرێکاران گەڕانەوە سەر کارەکانیان. تاتشر سەرکەوتنێکی گەورەی مێژوویی بەدەستهێنا.

## دەرئەنجام

مانگرتنی ١٩٨٤-٨٥ یەکێک بوو لە سەخترین و پڕ ئازارترین ململانێی نێوان چینی کرێکارانی بەریتانیا بەرانبەر بە دەسەڵات و خاوەن کێڵگە خەڵوزیەکان. تا ئێستاش وڵاتی بەریتانیا مانگرتن و کێشمەکێشی لەو جۆرەی بەخۆیەوە نەبینیوە. مانگرتنەکە ساڵێکی خایاند، زۆر سەخت و توندوتیژ بوو.

دیارە حکومەتی تاتشەر خۆی بۆ ئەم شەڕە ئامادەکردبوو وە چەندین دەزگای زەبەلاحی وەکو پۆلیس و میدیا و حکومەتی بەدەستەوە بوو. کاتێک ڕایانگەیاند هەندێ کێڵگەی خەڵوز دادەخەن شەڕی دژی سەندیکای کرێکارانی کێڵگە خەڵوزێکان ڕاگەیاند. سەندیکای کێڵگە خەڵوزێکان لەوەو پێش (١٩٧٤) حکومەتی موحافزینی ئێدوارد هیثی ڕوخاندبوو بەڵام ئەمجارە تاتشەر نیازی نەبوو نە پاشەکشە بکات و نە دەستیش لەکاربکشێنێتەوە. تاتشەر پێش ئەوەی ڕووبەڕووی کرێکارانی کێڵگە خەڵوزەکان ببێتەوە ویستی یەکڕیزی چینی کرێکاری بەریتانیای بشکێنێ. پێش ئەوەی مانگرتن ڕابگەێنرێت، حکومەتی موحافزین دوو یاسای تێپەڕاند یەکێکیان مانگرتن ئەبوایە بە زۆرینەی دەنگی سەندیکا ئەنجام بدرێ نەک بە بڕیاری سەرۆکی نیقابە و دووەمیش کاتێک سەندیکایەیەک مانگرتن ڕائەگەێنی، سەندیکای تر نەتوانێ مانگرتن بۆ پشتیوانی سەندیکای مانگرتوو ڕابگەێنن.

ئەو شکستە مێژووییە، پەیوەندی کرێکار و دەسەڵاتیشی گۆڕی. لە ساڵی ١٩٨٤ بەریتانیا ٢٧ ملیۆن ڕۆژ کارکردنی بەهۆی مانگرتن و نارەزایەتی کرێکاران و فەرمانبەرانەوە، لەدەستئەدا. بەرزترین ڕێژە بووە لە ئەوروپا. تا ساڵی ٢٠١٧ ئەم ژمارەیە بۆ ٢٧٦ هەزار ڕۆژ دابەزی، کە دەکاتە نزیکەی ١%ی ژمارەی ڕۆژی کارکردن، ئەمەش بەریتانیای خستە ڕیزی نزمترین وڵاتەکانەوە. زیانێکی زۆری بە شکۆ و مۆراڵی سەندیکاکان گەیاند. حکومەتە یەک لەدوا یەکەکانی بەریتانیا لەسەر هەڵوێستی تاتشەر بەرانبەر کرێکارانی سەندیکا جۆراجۆرەکان ڕۆشتن. دەسەڵات بەشێوەیەکی بەرنامە بۆداڕێژراو سەندیکا و نیقابە کرێکارییەکانیان لاوازتر کران. لە ئەنجامدا ژمارەی ئەندامانی یەکێتی کۆنگرەی کرێکارانی بەریتانیا ((TUCلە کۆتایی ساڵەکانی ١٩٧٠ گەیشتبوە ١٢ ملیۆن، بەڵام ئێستا ٥ ملیۆن و نیو ئەندامی هەیە.

**سەرچاوەکان:**

Office for National Statistics

The share of union members (usafacts.org)

UK_miners84_strike

www.unionhistory.info/timeline/1960_2000.php



پرسی ژن

ئەم ؟

توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە

بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر

# ئافرەت لەبەرامبەر توندوتیژی جەستەییدا

نووسینی: شوانە حەسەن ئەبوبەکر

ئەگەر پێناسەیەک بۆ کردەی توندوتیژی جەستەی دژی ئافرەت بکەین، دەکرێت بڵێین ڕەفتارێکی توندوتیژکارانەیە کە دژ بە مرۆڤی مێ دەکرێ و دەبێتە هۆی ئازار و زیان گەیاندن بە لەش و جەستەی یان بە هۆش و دەروونی، واتە لە ڕووی فیزیکی یاخود سایکۆلۆجی، دیاردەی توندوتیژی دژی ئافرەت لە هەرێمی کوردستان لە پێشوودا بە ئاستی جیاجیا بوونی هەبووە و تا ئێستاش هەیە، سەرەرای ئەو هەوڵ و کۆششانەی کە دەخرێنەگەر لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ بنبڕکردنی، بەڵام کاریگەریەکی ئەوتۆی نەبووە.

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین کە یاسا کارپێکراوەکان و هەمەوارکردنی چەندین دەقی یاسایی و دانانی یاسای نوێ وەک "یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە"٨" ساڵی ٢٠١١" کە لە جیهاندا تەنها (١٢٥) وڵات ئەم یاسایەیان هەیە و توندوتیژییان دژی ئافرەت بە تاوان ناساندووە، لێدانی تاکەکانی خێزان و منداڵان بە هەر بیانوویێک، ڕێگە پێدراو نییە و تاوانە. ئافرەتیش ئەندامێکی خێزانە و ناکرێت بە هیچ بیانوویێک پیاوەکەی لێی بدات و جەستەیی و دەروونی ئازاری بدات. لە لایەکی دیکەوە پێشکەوتنەکانی ئافرەت لە سەرجەم بوارەکانی دیکەدا و بەشدارییان لە فەزای گشتیدا کە پێشکەوتنی لە سیمای گشتی کۆمەڵگەدا دروستکردووە کە ناتوانرێ نادیدە بگیرێن.

لەهەرێمی کوردستان بەداخەوە ڕەگەزی نێر هەر لە سەرەتاوە هزر و دیدو بۆچوونی دەئاخنرێت بە چەندین بیرۆکەی هەڵە لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەگەزی مێ و، نەگونجان لەگەڵی و، بە شێوەیەک ڕادەهێنرێت کە ئەو باڵا دەستە و بۆچوونەکانی ڕاست و دروستە و لە کاتی ناکۆکیدا حەق بەمە و پێویستە ڕەگەزی مێ گوێڕایەڵی بەرامبەر خواست و ویستەکانی بنوێنێت. لە بەرامبەردا، ڕەگەزی مێ لە سەرەتای پەروەردە کردنیەوە بە جۆرێک پەروەردە دەکرێت کە پاشکۆی ڕەگەزی نێرە، بەم شێوەیە ڕەگەزی نێر خۆی بە باڵا دەست دەزانێ و ڕەگەزی مێ بە لاواز، کە ئەمەش پەیرەوێکی نادروستە لە پرۆسەی پەروەردەی کۆمەڵایەتی و مەعریفیی مرۆڤدا، ئەم جۆرە پەروەردەیە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی هەردوو ڕەگەز دیاریدەکات لە خێزانەوە تا ناوەندەکانی دیکەی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی ناهاوسەنگ لە بەرژەوەندی پیاودا، دواجاریش بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی ئافرەت دەکەونە ژێر هەژموونی پیاو .

لەئەمڕۆدا سەرباری ئەو هەموو پێشکەوتنانە، نەتوانراوە دیاردەی توندوتیژی دژی ئافرەت لە هەرێمی کوردستان دەستی بەسەردا بگیرێ و، هەندێک جاریش ئامارەکان لە بەرزبوونەوەدان، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەم دیاردەیە ڕەگی لە نێو سترەکتۆری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە و نیزامی سەرمایەداریدا هەیە و، هەڵقوڵاوی بەشێک لەو کەلتوورە دواکەوتووەیە کە لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا دەشی بوونی هەبێت، هاوکات کە تێکەڵ کرنی ماف و ئازادییەکان و بەستنەوەیان بە دەقە ئاینیەکان، هۆکارێکی تری بیمافیەکانی ژنان و سەرچاوەی توندوتیژییە. کە دەڵێین بەشێک لە کەلتووری بەدەستهاتووی بەناو دابونەریتی کوردەواریی خۆمان، مەبەستمە بڵێم کەلتووری ئێمە لە بنەڕەتدا کەلتوورێکی دژە ئافرەت نییە و، توندوتیژیش دژی ئافرەت کەلتووری ئێمە نییە، بەڵام کۆمەڵگەی ئێمە بە درێژایی مێژوو داگیرکراوە و، ڕووبەڕووی پرۆسەیەکی بەردەوامی توندوتیژی بۆتەوە، ئەمەش وایکردووە پەروەردەی کۆمەڵایەتی پەروەردەیەکی توندوتیژ و، ناهاوسەنگ بێت بەشێوەیەک کە لەگەڵ یەکەم چرکەساتی لەدایکبوونی مرۆڤی مێینە ڕەنگی داوەتەوە .

لەهەرێمی کوردستان سزای لێدانی ئافرەت بەپێی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی هەرچەندە بەپێی ماددەی حەوتەم، لێدانی ئافرەت و جۆرەکانی




دیکەی توندوتیژی، بۆ ماوەیەک سزای بەندکردن دەیگرێتەوە کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە سێ ساڵیش زیاتر نەبێت و بە پێبژاردنێک کە لە یەک ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە پێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت یان بە یەکێک لەو دوو سزایە .

بۆ نەهێشتنی یاخود کەمکردنەوەی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت دەبێت سەرەتا ئەوەمان لە پێش چاوبێت کە ئەمە کارێکی ئاسان نییە و پێویستی بە دروستکردنی گۆرانکاری هەیە لە شێوازی هزر و جۆری بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەدا، گۆڕینی ئەقڵیەتیش پرۆسەیەکی دراماتیکی نییە و خێرا نایەتە کایەوە، بەڵکو پێویستی بە کاری هەمەلایەنە و بەردەوام و ستراتیژی دوورمەودا هەیە لەلایەن هەموو ناوەندەکانەوە وەک "خێزان، ناوەندەکانی خوێندن، ڕاگەیاندن، دەزگا فەرمی و نافەرمیەکان، ڕێکخراو و دامەزراوە جۆراوجۆرەکان" بە تایبەت لە لایەن ڕێکخراوەکانی ئافرەتان پێویستە کار بکرێت بۆ هۆشیار کردنەوەی رای گشتی و لاواز کردنی ئەو نەریت و نۆرمە کۆمەڵایەتییانەی کە ڕەوایەتی بەم دیاردەیە دەدەن و، لەلایەن بەشێک لە تاکەکانەوە پەیرەوی لێدەکرێت هەوڵ بدرێت تاکەکان هۆشیار بکرێنەوە لەوەی کە ئەم ڕێسا کۆمەڵایەتی و داب و نەریتانە مایەی شانازی نین و، دوورن لەهەر بەهایەکی مرۆڤایەتی، ئەم دوو مرۆڤەش ئافرەت و پیاو جگە لە چەمکی مرۆڤ بوون ناکرێت هیچ چەمکێکی دیکە بکرێتە بنەما بۆ پەیوەندییەکانیان، خێزان لە پەروەردە و پێگەیاندندا پرەنسیپەکانی یەکسانی پەیرەو بکات و مافەکانی کچ و کوڕ وەک یەک و بەبێ جیاکاری بپارێزێت...

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەوالانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕی، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەووەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەلات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bopeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

**گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...**

**ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا ساڵح، حەکیم میرزا**

## دەمەتەقێ...

## گفتوگۆیەکی نێوان کاوان قادر و هیوا ساڵح لەسەر ناوەرۆکی ئەو تابلۆیەی بەناوی «کورسییەکەی جەنابی شێخ»

**کاوان قادر:** سڵاو هاورێ هیوا (کورسییە هەڵواسراوەکەی شێخ) ناونیشانی تابلۆکەتە کە بۆ من بۆتە جێگەی سەرنج، چی لوغزێک و چی پەیامێک لەپشت ئەم کارە هونەرییەوە هەیە؟

**هیوا ساڵح:** سوپاس هاورێ کاوان، بیرۆکەی ئەم کارە هونەرییە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ٧٠ کان کاتێ منداڵ بووم لە یەکێک لە دوکانەکانی سەرادا کە دراوسێ دوکانی جەرگیزی مەشروب فرۆش بوو بەم شێوەیە کورسییەکی هەڵواسی بوو، لە باوکم پرسی ئەو کورسییە چی ئەکات بەو بەرزی یەوە، دیارە باوکم وەڵامی پێ نەبوو وە نەیئەزانی بۆ؟ بەڵام خاوەن دوکانەکە وتی: ئەوە ئەو کورسی یە کە شێخ مەحمودی حەفید لەسەری دائەنیشت، دوای ئەو ئیتر کەسێکی تر بۆی نی یە لەسەری دابنیشێت، ئێستا بیر ئەکەمەوە کە خەڵکی بۆ سەرکردەکانیان چەند وەفادارن چەند دڵسۆزن، بەڵام بەداخەوە سەرکردەکانمان ئەوەی بۆیان گرینگ نییە خەڵکەکەیەتی.

**کاوان قادر:** جێگەی سەرنجە، ئەم تابلۆیەتان مەسەلەیەکی زۆر گرینگ ئەوروژێنیت، وەک وتویانە ئاشەوان لە خەیاڵێک وباراش هارِ لە خەیاڵێک، ئەوەی لە خەیاڵی خەڵکیدایە لە خەیاڵی سەرکردەکاندا نییە، لە هیچ مێژوویەکی کوردا نەنوسراوە کە خەڵکی پشتی لە سەرکردەکەی خۆی کردبێت و هۆکارێک بووبێتن بۆ ئاشبەتاڵی وفەشەلی بزوتنەوەی کوردایەتی، بەڵکو ئەوە عەمالەتگەری و پاوانخوازی و ملی یەکتر شکاندن بووە کە شکستی پێ هێناون، ئەو وڵاتە هەزاران داماوی وای تێدایە بەخەیاڵی خۆی بەدڵ و بەگیان خەباتی کردووەو بۆتە قوربانی بۆ ئەوەی ئەمانە بەدەسەڵات بگەیەنێت و ستەمی نەتەوەییان لەسەر نەمێنێت، پێمان وابوو دەسەڵاتی میللی پێشکەوتووخوازە، بەڵام وا دەرنەچوو بگرە کۆنەپەرسترە، کارەساتەکە لێرەوەیە، لە لایەکی ترەوە ئەم تابلۆیە لەبەر ئەوە ناوازەیە کە بابەتێکی زیندووە، هونەرت لەپەیامە ئەسڵەکەی خۆی جیا نەکردۆتەوە هونەر هەر ئەوە وەزیفەیەتی کە تۆ کردووتە، لەهەمان کاتدا لەدونیای بێ ئاگایی و بێ ئومێدی یان هەڵخەڵەتاوی هەندێک هونەرمەند، کە شانازی دەکەن به سەربەخۆیی بوون و بێ لایەنی هونەرو ئەدەبەکەیانەوە بەسیاسەتەوە، ئەوەش کارەساتێکی ترو دەردێکی کوشندەتر بۆ چارەنوسی کۆمەڵگە، ئێوە پێتان وا نی یە هونەرمەندان و قەڵەم بەدەستەکان کاراکتەرێکی گرینگن لە کۆمەڵگەدا و دەتوانن دەورو کاریگەرییان هەبێت لە دەخاڵەتکردن وگۆڕینی چارەنوسی کۆمەڵگەدا؟

**هیوا ساڵح:** بێ گومان هۆکاری ئەو کۆمەڵگەیانەی بەرەو وێرانی چووە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هونەرمەندان خۆیان بە خاوەن و بە لێپرسراوی کۆمەڵگە نازانن، بەشداری ئێمەی هونەرمەندان زۆر گرینگە، ئەگەر ئەوروپا بەو هەموو پێشکەوتنەیەوە هونەرو ئەدەبی لێدەربکەیت چی ئەمێنێتەوە؟ حەبەشەیەکی مەسیحییەت. ئەوەی لە سەدەی نەهزەدا ڕوویدا کێ کردی؟ هونەرمەندان ئەوروپایان گۆڕی، ئەوان دینیان لەدەوڵەت جیاکردەوە، ئەگینا وەک ئێمەیان لێ دەهات، ئاڵوگۆڕیان پێکهێنا لەدەورەی ژیانی ئێستەی ئێمەوە بەرەو ئەوروپای ئێستا، ئەوەی ئەگەڕێتەوە بۆ دەوری هونەرمەندان لە ئاڵوگۆڕەکاندا، ڕاستە هونەرمەندانیش دەتوانن دەوری گرینگ بگێڕن. هەڵبەت زۆرێک لە کارەساتەکانی ژیانمان بەهۆی پشتیوانیمانەوە بوو بۆئەوانەی بە شاخەوە بوون ناویان نابوو خەبات، لە ئەنفال و کیمیایی باران تا برسی کردنەکەی ئەمڕۆ، ئەمانە لە میللەتێکی زوڵم لێکراوەوە کردیانین بە میللەتێکی زووڵم کار، ئەوانە نە ئێستاو نە ڕابردوو نوێنەی خەڵک نەبوون و خەباتکاریش نەبوون، هەرچییەک ئەمانە کردبێتیان بێ موقابیل نەبووە، بڕوانە نەوشیروان مستەفا کە پیاوەکانی لەو میللەتەیان کردووە بە غاندی کورد کە پێی دەڵێن باوکی فەقیرو هەژار لە ناوەڕاستی شاردا گرد و شاخ و مەعمەلی چیمەنتۆ لەسەر کوڕەکانی تاپۆ ئەکات و مناڵەکانی لە گرانبەهاترین زانکۆی ئەمریکی خوێندنیان کرد بەناوی ( Harvard university)ئەم گیرفان پڕکردنە حەتمەن باجەکەی کەسانێک داویانە ئەویش قوربانیانی ئەو حزبەیە، ئەمانە لەجیاتی پاداشت و خزمەتی میللەتەکەیان ناشیرینترین مەدرەسەی شەق وەشاندن و تیرۆری نەیارانی خۆیان پەروەردەکردووە، بەداخەوە خەڵکانی وەک ئەوەی کورسییەکەی شیخیان بۆ یادگاری هەڵواسی بوو ئێستا دڵنیام لە ڕیزەکانی خەنەنشینیدا گیان لەدەست دەدەن، ئەگەر لە خەوماکەی جەمیل سائیبیش بخوێنیتەوە باسی ڕووداوەکانی پشتی پەردە دەکات کە لە ناو خودی ماڵی شێخ و دەروبەرەکەی چی ڕوویداوە، دیسانەوە دڵنیا دەبیتەوە ئەو قارەمانەی کە تا ئەو دواییانەی کورسییەکەیان لە ئاسماندا بۆ هەڵواسی بوو لە ماوەیەکی کورتی حوکمڕانیەتیاندا لە دابەشکردنی زەوی وزاری ئەو مەملەکەتە بە گوریس و گیرفانپڕکردن زیاتر مەشغوڵییەتێکی ئەوتۆیان نەبووە.




سەیری بنەماڵەی مەلایی وتاڵەبانی بکە سەری زمان وبنی زمانیان کوردایەتییە و خۆیان بە زوڵم لێکراو دەناسێنن، بەو مانایەی زوڵمیان لەسەرە بۆیە دەستیان گیراوە ناتوانن معاشی خەڵکی بەتەواوی بدەن کارەبا وخزمەتگوزاری بۆ خەڵکی دابین بکەن، ئەگەر زوڵمەکەیان لەسەر لابچێت ئاخۆ چی لەوە خراپتر بکەن؟ بەداخەوە میللەتێکین شتمان زوو بیر ئەچێتەوە شکست بەدوای شکست، بەڵام هەردوایان ئەکەوین، ئەوانەی مێژوو کە بوون بە قارەمان و سیمبوڵی نەتەوەیی ئەمڕۆ پەیکەری بۆ دروست دەکەن، هەروەکوو ئەمانەی ئەمڕۆ بوون کە سبەینێ ئەمانیش دەکەن بە پاڵەوان و وەک پیاو خاس و فریاد ڕەسی نەتەوەیی دەیکەن بە گەرووی مناڵەکانماندا لە نەخوێندەواری ئێمە ئیستیفادە دەکەن، ئاوێک کە ڕژاوە لە جەنابی شێخەوە بۆ بنەماڵە و ئاغاکان و حزبەکانی کوردایەتی هەر ئەمانە پێکیان هێناوە ئیتر چی چاوەڕوانییەکمان هەبێت لێیان.

**هەژاری شۆڕش بەرپا ناکات، بەڵکو هوشیاربوونەوەی هەژارانە کەشۆڕش بەرپا دەکات... کارل مارکس**



# ئەدەبی ژان لەدەقی شیعری ئەخماتۆڤای شاعیردا

## شرۆڤە: جمال نوری

ئەنائەخماتوفا... شاعیر و ڕەخنەگرو ئەدیب و وەرگێڕی ڕووسی. بە یەکێک لە روکنە سەرەکیەکانی ئەدەبی ڕووسی ئەژمار دەکرێت. لەسەدەی بیستدا، اخماتوفا ژیانێکی سەخت و ناخۆشی بەڕێکردوە بۆیە ئازارو ژانەکانی لە نوسینی شیعرەکانیدا تەوزیفکردوە. بە ئەدەبی ژان ناودەبرێت.



**ژیان و لەدایک بوونی..ئەخماتۆڤا**

ئەخماتوفا لەبەرواری 11 ی حوزەیرانی 1898 لەخێزانێکی یەهودی دەوڵەمەند لەشاری ئەدیسای ڕووسیای قەیسەری هاتۆتە دنیاوە،

هەر لەمندالیەوە، کەسێکی حەدی و زرنگ و وریاو زیرەک بوە، بەماوەیەکی کەم فێری خوێندنەوە و نوسین دەبێت، ئەخماتۆڤا هێشتا لەتەمەنی پێنجساڵیدا دەبێت دەست دەکات بە خوێندنەوەی شاکارەکانی نوسەری گەورەی ڕووسی لیف تولستۆی، پاشان بەهۆی حەزی زۆری بۆ فێربوونی زمانی فەرەنسی، گوێگرێکی باشی وانەی فێربوونی زمانی فەرەنسی دەبێت لەگەڵ هاوڕێکانیدا.

خۆێندن و خۆدروستکردن ..

لەپێناو ئاشنا بوونی بە قوتابخانە ئەدەبیەکان لەساڵی 1900 دا دەچێتە قوتابخانەی ئەدەبی بۆماوەی پێنج ساڵ دەخوێنێت، دواتر لەشاری کییف پەیوەندی دەکات بە قوتابخانەی تایبەتەوە و بەشداری لەخولی تایبەتەکانی ئەدەبدا دەکات لەساڵی 1908 دا.

دواتر دەست دەکات بە گەشتەکانیبەرەو فەرەنسا و ڕۆما و لەنزیکەوە ئەندامی خێزانە دەوڵەمەندو خانەدانەکان دەناسێ و ئاشنایەتی لەگەڵ زۆرێک لە نوسەرو ئەدیبانی ناسراو و دیارەکانی فەرەنسا پەیدا دەکات

ئەزمونی ئەدەبی ئانا ئەخماتۆفا

لەساڵی 1912 دا یەکەم کۆمەڵە شیعری بەچاپ دەگەیەنێ بەناوی (آمسية)، پاشان بەهۆی بەهەند وەرگرتنی شێوازی نوسینی لەبواری ئەدەبی شیعریدا لەساڵی 1914 دووەم کۆمەڵە شیعری بەچاپ دەگەیەنێت. بەناوی ا (لمسبحة)، وە لەساڵی 1917 دا سێهەم کۆمەڵە شیعری بەچاپ دەگەیەنێ بەناوی (القطيع الابيض)، دواجار لەساڵی 1921 دا چوارەم کۆمەڵە شیعری بەناوی (اعشاب على جانب الطريق) بەچاپ دەگەیەنێت.

لە پشت کۆمەڵە شیعرەکانی ئانا ئەخماتوفاوە مەبەستێکی تایبەت و شاراوەی تێدا بەدیدەکرا، کە پەیگیر بووە بەو گۆڕانکارییە سیاسیەی لەووڵاتەکەیدا، ڕوودەدات. هەر ئەم هۆکارەش دەبێتە خاڵێک بەدەست دەسەڵاتدارانی قەیسری تزاری و ڕێگای بڵاوبوونەوە لە شیعرەکانی دەگرن لەڕێگای یەکێتی نوسەرانەوە لەساڵانی 1923 تا ساڵانی 1934، ئانا ئەخماتوفا لەساڵی 1938 دا پەیوەندی بە یەکێتی نوسەرانی سۆڤیەتەوە دەکات. بەڵام دواتر فشاری بەچاپ گەیاندن ۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی لەسەر لادەبرێت لەساڵی 1939 دا کۆمەڵە شیعرێکی خەمگین و ڕەشبینی و یاخبوانە دەنوسێ بەناوی (مرثاة). کە باس لەنەبوونی ئازادی وتوندوتیژی دەسەڵاتی سیاسی وڵات دەکات، دوای لەسێداردانی (نیقۆلای غومیلۆڤی ) مێردی یەکەمی و زیندانی کوڕەکەی بۆماوەیەکی درێژ.

ئەخماتۆڤا لەوساڵانەی کە ڕووسیا لەجەنگی جیهانی دووەهەمدا لەگەڵ ئەڵمانیای نازیدا لەجەنگدا بوو،هیچ شیعرێکی نەنوسی، کە چواردەوری لینگراد لەلایەن ئەڵمانەکانەوە تەوقدرابوو، بۆیە ئەخماتۆڤا دووردەخرێتەوە بۆ تاشقندی ئاسیای ناوەڕاست لەدوای نەمانی جەنگەکە دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی وەک عائیدون گەڕاوەکان ..

لەساڵی 1946 دا بەهۆی کۆمەڵە شیعری (مرثاة) ەوە دەستڵاتدارانی یەکێتی سۆڤیەت لەڕێگای یەکێتی نوسەرانی ڕووسیاوە ئەو کۆمەڵە شیعرەی دەخرێتە بەر ڕەخنەی توندی نوسەرانەوە لە بەناوبانگترین گۆڤاری ئەوکاتەدا ئەو کۆمەڵە ڕەخنە ئەدەبیەی دژی کۆمەڵە شیعری (مرثاة) نوسران بڵاوی دەکەنەوە و لەیەکێتی نوسەرانیش دووری دەخەنەوە.

لەساڵی 1950 دا ئەخماتۆڤا کۆمەڵە شیعرێکی تر دەنوسێ کەئەم شیعرانەی بەشێوەیەکی گشتی بەرژەوەندی دەسەڵاتی لەبەرچاو دەگرێ، وەک ئەو سەرچاوانەی باسی دەکەن کە ئەخماتۆڤا بەهۆی کوڕەکەیەوە بووە کە لە زیندانەوە دەیهێننە شوێنێکی دەست بەسەرکراو، هەربۆیە لەساڵی 1956 دا جارێکی تر دەیگەڕێننەوە بۆ یەکێتی نوسەران و کوڕەکەشی لەو شوێنە دوورخراوە ئازاد دەکەن.

بەڵام کوڕەکەی بەهیچ شێوەیەک هەست بەو ئازارو ژانەی دایکی ناکات، بەڵکو ڕقیشی لێدەبێتەوە، ئەم هەڵسوکەوتەی کوڕەکەی واله ئەخماتۆڤا دەکات گۆشەگیرو توشی خەمۆکی و ڕەش بینی بکات هەر لەو ساڵەدا کۆمەڵە شیعری بەناوی (اشعاری) دەنوسێت کە لێوان لێوە لەڕەشبینی.

خەڵاتەکانی ئەخماتۆڤا لەبواری ئەدەبدا

جگە لە خەڵاتی ئەدەبی ئیتاڵیا لەساڵی 1964 هیچ جۆرە خەڵات یا ئوسامی ئەدەبی پێ نەبەخشراوە. تا سەردەمی پرۆستوریکای گۆرباشتۆڤ، واتە لەساڵی هەشتاکانی سەدەی بیست و یەکدا، تەواوی کۆمەڵە شیعرەکانی کۆکرانەوە لە یەک بەرگدا، تەواوی بەرهەمە شیعرەیەکانی چاپ دەکرێت، بەجیاش هەرچی نوسینەکانی ڕەخنەیە ئەدەبی و ژیانی ئەخماتۆڤا بکرێنە سینەماو لەدەیان فلمدا ڕۆڵی ئەویان تیا گێڕاوە ئەمە جگە لە بواری بەرهەمی شانۆو شانۆگەری و بوتریت ی هۆنەری نیگارکێشاندا، بەکاریان هێناوە.

دواجار لە11ی ئازاری 1966 لەیەکێک لەناوچەکانی دەوروبەری مۆسکۆ گیانی لەدەست دەدات.

**سەرچاوە /**

**الجزيرة**

**روسيا الأدب الشعر والنقد الأدبيآنا أخماتوفا**

# دوا شیعرەکانی من



لێرەنیم هەموو شتێکم کوژانەوە

کراسێکی سپیم کردە بەری باران

لەدرەختەکان پاڕامەوە

بۆئەوەی باسێکی زوڵمی ڕەشەبام بۆ بکات

لەئاو پاڕامەوە

بۆئەوەی تینوێتی کۆترێکم بۆبخاتە ڕستەوە

کە مساوی دەبێت بەخنکان

لێرەنیم

ئەزانم خودا بیرەدا دەڕوات هەمووومان دەبینێت

هەمووومان ئەنوسێتەوە

لێرەنیم

حەزم بەسەفەرێکی نارنجییە

سەفەرێك نەجانتایەکم پێبێتوو نەئاوێنەیەکی بەرباخەڵ

لێرەنیم

هەموو شتێك دەکەوێتە خوارەوە

هەموو شتێك وەك پەرداخی دەستی

سەرخۆشێکی بەد مەست ووردو خاش دەبێت لەکاتی گریاندا

لێرەنیم

نەشەمەندەفەرەکە دەگات و نەموسافیرەکانیش دەگەڕێنەوە بۆئەوێ

لێرە نیم

نەکەسێك نامەکانم دەخوێنێتەوە نەئوستازێکیش پێمدەڵێت هەموو شتێك مساوییە بەهیچ

هەموو شتێك دەکەوێتە خوارەووەو

هەموو شتێك دەشکێت،

تۆش دەشکێیت

منیش لەگۆڕستان ژورێك بەکرێ دەگرم

مۆمێکم بەسە بۆڕوناکی

من لێرەنیم

...........

**میرزا**

١٧/٦/٢٠٢٢

# هەرێمەکانی ترس

نووسینی: شەماڵ بارەوانی



## بەشی یەکەم

شاکارێکیتری (فەزیلە ئەلفاروق) خاتوونە نووسەری ئەمازیغی بە ڕەگەز جەزائیرییە و نووسەر لە پاڵ ڕۆمانی هەرێمەکانی ترسدا.

خاوەن چەندین شاکاری تری ئەدەبی و ڕۆمانی تری ناوازەیە لەوانە:

-پیتی شەرم

-دۆزینەوەی شەهوەت

-میزاجی هەرزەکارێک

چرکەساتی دزینی خۆشەویستی و چەند چیرۆکێکیتر..

لە»هەرێمەکانی ترس«دا،

خاتو فەزیلوو لە ڕێگای گێڕانەوەی چیرۆکی مارگرێتەوە، باس لە تراژیدیاو نەهامەتی و ناخۆشیەکانی ژیانی ژن بە تایبەتی و مرۆڤایەتی بە گشتی دەکات.

مارگرێت خانەوادەکەی لە شەرمەشێخ لە میسر ڕووبەڕووی هێرشێکی تیرۆرستی خۆکوژی دەبنەوە، تەنها ئەو بە سەلامەتی لێی دەردەچێ. مارگرێت بەو چەشنە سەرجەمی ئەندامانی خانەوادەکەی لەو ڕووداوە تیرۆرستیە لە دەست دەدات.

ئەو وەک هاووڵاتیەکی مەسیحی و ئەمریکی و بنەچە ڕۆژهەڵاتی دەبێتە قوربانی جەنگ و تیرۆر و ناکۆکی تائیفی و مەزهەبی.

چیرۆکەکانی مارگرێت زۆرن، من ئەوە بۆ خوێنەر خۆی جێ دیڵم و بڕوات ڕۆمانەکە بخوێنێتەوە و پەڕە بە پەڕەی ڕۆمانەکە هەڵداتەوە و بچێتە ناو قوڵایی بەسەرهات و چیرۆکەکانی ژیانی مارگرێت.

ئەوەی من لێرە مەبەستمە بیڵێم لەو نووسینە ئەوەیە، کەلە »هەرێمەکانی ترس «دا فەزیلە هەمان شێوەی هەر یەک

لە ڕۆمانەکانی (پیتی شەرم، دۆزینەوەی شەهوەت، وچرکەساتی دزینی خۆشەویستی و چەند چیرۆکێکیتر)، کەمن لەسەر هەموویانم نووسیوەو پێشووتر لە ماڵپەڕی گەلاوێژ بڵاو بوونەتەوە،

دیسان خاتو فەزیلە کاروانی خەباتی فێمێنزمانەی خۆی درێژە پێدەدات و لە پێناو کریزی ژن و ماف و ئازادییەکانی دەکۆشێت، بە تایبەتی دۆخە دۆزەخییەکەی ژن لە کۆمەڵە ئیسلامی و عەرەبی و ڕۆژهەڵاتییەکاندا،

کە ژن و ڕەگەزی مێینە چارەنووس زۆر دڵ ڕەقانە و بێ بەزەییانە وای بۆ بڕیوەتەوە مێژووییەکی سیزیفیانە لە چەوسانەوەو تاڵی و نەهامەتی و تراژیدیا ئەزموون بکات و بە دەستی ئەقڵیەتی خێڵگەرێتی و مێنتەڵێتی نێرسالاری و قامچی مەزهەب بگەرێتیەوە دنیایەک ناسۆری و نەهامەتی و تاڵی بچێژێت.

فەزیلە دوای ئەوەی کە لە هەرسێک ڕۆمانەکانی "دۆزینەوەی شەهوەت و ، پیتی شەرم و، چرکەساتی دزینی خۆشەویستی و چەند چیرۆکێکیتر"

کە لەو سێ شاکارە ئەدەبییەیدا سەرکۆنەی چەوسانەوەی ژن دەکات لە کۆمەڵە پاتریاریکی و نێرسالارییەکان و ئەو توندوتیژییە جەستەیی، دەروونی، ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەی دژی ژن پێڕەوی لێدەکرێت، ڕیسواو پرۆتستۆ دەکات.

لە کۆمەڵە نێرسالارییەکاندا تائێستایش ڕێساکانی پیاوگەرێتی و ئایدۆلۆژیای مەزهەب و بنەماکانی خێڵ جێبەجێدەکرێت و ژن لە لایان نێرینەوە ڕووبەڕووی لێدان و کەرامەت شکاندن و چەوسانەوە دەبێتەوە و نەریتە کۆنین و نۆرمە باوەکانی کۆمەڵی نێرسالاری دەوری ژیانی ژنیان داوەو بوون بە قەفەسێک بۆ ئازادییەکانی ژن و مێینە.

فەزیلەخان لە ڕوانگەیەکی گەردوونی و یۆنیڤێرسالانە و مرۆڤانەوە لە پرسی ژن دەڕوانێت. ڕوانگەیەکی جێندەریانە و باڵا، ڕوانگەیەکی دوور لەو دیدە نزمە ئایدۆلۆژیست و مەزهەبییەی کە هەمیشە ژن لە گۆشەیەکی زۆر تەسک و داخراو نزمەوە دەبینێت و ژن وەک بوونەوەرێکی ناتەواو کەم ئەقڵ و بێ ئیرادەو لاواز و سێبەر و پاشکۆی پیاوەوە سەیر دەکات و لە شکۆمەندی و مرۆڤ بوون و پیرۆزی و بەهاو پێگەی ژن دەدات و دایمە لە ژن بوونی ژن کەم دەکاتەوە.


فەزیلە دەیەوێت بەو نێرانەی ژن تەنها وەک ئامێرێکی جنسی و لنگ بازی و ئامڕازی خزمەتی ناوگەڵی پیاو دەبینن و تەنها ئالۆش و خرۆشی خۆیانی پێ دەشکێنن و غەریزەی خۆیانی پێ دادەمرکێننەوە، بڵێت ژن بەرلەوەی ژن بێ، مرۆڤە، ژن قوتابخانەی ژیانە، درێژەپێدەری بوون و لەگەڵ پیاو هاوتاو یەکسانە.

وەرن باوەڕ بە ڕووکنی فێمێنیزم بوون بێنن و تێگەیشتنێکی جێندەرییانە لە بارەی ڕەگەزی مێینە لە بیروباوەڕتان جێگیربکەن و ژن پەروەری بکەن بە ئەقیدەی مرۆڤ بوونتان و وەک پیرۆزییەک پێڕەوی لێبکەن و لادان لێی بە هەرەتەقە و کفرێکی ڕووت بە مافی ژن وەک مرۆڤێک لە قەڵەم بدەن و سەرپێچیکەرانی مافەکانی ژن سزا بدەن.

خاتوو فەزیلە بە هەڵگرانی بیری نێرسالاری دەڵێ دەبێ ئیتر دان بە هەموو مافە سروشتی و ئازادییە سەرەکییەکانی ئافرەتدا بندرێت، لە کایەکانی سیاسەت، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری و مەدەنی و هەموو ئەو بوار و مەیدانانەی دی کە دەرفەت بۆ پیاوەکان ڕەخساون و کۆسپ و تەگەرە لە بەردەم ئازادیی و هەنگاوەکانی ژن داندراون و پشکداریی ژنیش لە هەموو ئەم بوارو کایانەدا دەبێ ئیدی بە مافێکی سروشتی و سەرەتایی و یاسایی و ئاسایی بزانرێت.

دەبێ ئیدی ڕێز لە ژن بگیرێت و نابێت چی دیکە بە هیچ پاساوێک و لە ژێر هیچ ناوێک و بە هیچ بیانوویەک ژن لە ژنبوونی خۆی دابماڵرێت و لە پیرۆزی و پێگە و بەهای ژن بدرێت.

فەزیلە خان پێمان دەڵێت، ژن بە ڕۆڵ و پێگە و فیکر و





ئیشیان هیچی کەمتر نییە لە پیاو. بۆیە دەبێ لە جێ بەجێکردن و بەرجەستەکردنی هەموو مافە بنەڕەتییە مرۆییەکاندا یەکسان و هاو واتابێت لەگەڵ پیاوداو ڕێز لە توانا و هێزی ژن بگیرێت و ڕۆڵی بەهەند وەربگیرێت و سەروەری بۆ ژن بگێڕدرێتەوە. دەبێ بنەماکانی جڤاتی نێرسالاری هەڵبوەشێندرێتەوەو بتی نایەکسانی تێک و پێک بشکێندرێت و دەستکاری و ڕیفۆرمی بەشێک لە نەریتە کۆن و نۆرم و ڕێسا باوەکانی کۆمەڵی نێرسالاری و مینتەڵێنتی نێرسالاری بکرێت و جارێکیتر پرەنسیپ و یاساکانی کومەڵ، لەسەر پێوەری یەکسانی جێندەری و هاوسەنگی نێوان هەردووک ڕەگەز دابڕێژرێتەوەو کریزی ژن بە فەرمی و بە دامەزراوەیی بکرێتن و خەمی ژن ببێت بە خەمی هەموو کۆمەڵ و ژن لە پەراوێزی نایەکسانی و فەرامۆشی ژێر کەڵبەی کابووسی نێرسالاریدا بهێندرێتە دەرەوە و بە جدی بیر لە ماف و ئازادییەکانی ژن بکرێتەوە.

چیتر ئەو دەسەڵاتە تۆتالیتێرو گشتگیرەی پیاو لە دنیای نێرسالاریدا سنوورێکی بۆدابندرێت و هاوسەنگی لە نێوان دەسەڵات و ڕۆڵی ژن و پیاودا بکرێت و لەسەر پرەنسیپی یەکسانی ئەرک و ڕۆڵەکان دابەش بکرێن.

**ماویەتی**

**جیهان بە بێ بانگەواز بۆ سۆشیالیزم، بە بێ ئومێد بە سۆشیالیزم، بە بێ هەڕەشەی سۆشیالیزم، ئەگۆڕێت بەچ لیتاوێک....**



# نەوەی نوێ چ پەیامێکی بۆ خەڵکی کوردستان پێیە؟

نووسینی: عوسمان محەمەد

هەلومەرجی سیاسی کوردستان و ئەزمەیەکی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی کە دەسەڵاتداران و ئەحزابی ناسیۆنالستی و ئیسلامی درووستیان کردوە، خەڵک لەدڵەڕاوکێ و مەینەتیدا ژیان بەسەر دەبەن. ئەم هەلومەرجە بەتەنها باری ئابووری نەگرتۆتەوە، بەڵکو ژیانی کۆمەڵایەتی بەجۆرێ شێواندووە کە شیرازەی بنەما کۆمەڵایەتییەکانی پەرتەوازە و وێران کردووە.

ڕۆژ نییە لەیەکێک لەشارو شارۆچکەکانەوە هەواڵی دڵتەزێن بەر گوێ و چاومان نەکەوێ، لەهیچ قۆناغێکی مێژوویيدا کەس ئەم کارەساتانەی نەبیستووە نەبینیووە، سۆز و خۆشەویستی مرۆڤەکان بۆ یەکتری ئەوەندە لاواز بووە کە خەریکە نزیک ببێتەوە لەوەی مۆرکی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێوە بمێنێ. لەهەلومەرجێکی ئاوهادا کەئەزمەیەکی خنکێنەر بەرۆکی بەدەسەڵاتداران گرتووە، دەسەڵاتداران ترسی ئەوەیان هەیە کەچینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێش جڵەوی دەسەڵاتیان لەدەست دەربێنن .

لەیەکەم هەڵبژاردندا (24) کورسی پەرلەمان مسۆگەر بکات و ببێت بەدووەم حزبی سیاسی لەهەڵبژاردنی کوردستان، بەڵێنی زۆری بەخەڵکدا کەژیان و گوزەرانی ئابووری خەڵک ئەبوژێننەوە تەنانەت موچە بۆ کەیبانووی ماڵ دابین ئەکەن، دەیانگووت ئەحزابی دەسەڵاتدار تەنها درۆ و دۆلاریان بەدەستەوە ماوە،

ئیتر لەمەیدانەکانی تردا بەبنبەست گەیشتوون، بەڵام دوای چەند ساڵێک خۆیان بوون بەهاوبەشی ئەو دەسەڵاتە گەندەڵە و هاوبەش بوونەوە لەو کێکەی کەئەوان بۆ خۆیان ئەیانخوارد، تەنانەت بەشێکیان چوونە ناو پارتیەوە،

لەوەش خۆشتر وەزیرەکەیان بەڵێنی سکەی شەمەندەفەری بەخەڵک ئەدا، خەڵک نانی نییە بیخوات ئاوی نییە کارەبای نییە سووتەمەنی نییە، بەدەست چاڵ و خراپی شەقامەکانەوە هەراسان بووە ئەو بەسەر هەموو ئەمانەداا تێ ئەپەڕێ و سکەی ئاسن بۆ کوردستان ئەهێنێ، ئەم بزووتنەوەی گۆڕانە نەک ژیان و گوزەرانی خەڵکی باش نەکرد لەگشت مەیدانەکاندا، بەڵکو خۆی بوو

دیارە بزووتنەوەی گۆڕان لەهەندێ شت بەهرەمەند بوو، زۆرێک لەڕابەرەکانیان ڕابەرانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد بوون و دیار بوون (بەباوکی هەژارانیشەوە) لەئەنجامدا بەمایەپوچی چوونە دەرەوە .

بزووتنەوەی نەوەی نوێ بەتەنها لەئیمکاناتی ماددی و ڕاگەیاندن بەهرەمەندە، تەنانەت لەباری سیاسیەوە لەڕەوتی گەشەو بەرەوپێش چوونی سیستەمی سەرمایەداری تێنەگەشتوون، لەهەلومەرجێکدا کەئەزمەی سەرمایەداری بەوپەڕی گەیشتووە و ترسی لەدەستدانی دەسەڵاتی هەیە چۆن ئەکرێ دەسەڵات بدرێتە دەست ڕێکخراوێکەوە کەتەنانەت دەمانچەیەکیشی نییە، لەم هەلومەرجەدا بورژوازی دڕندەترین بەشی ئەو ڕەوتە دێنێتە پێشەوە بۆ ئەوەی ئەگەر دەسەڵاتی سەرمایە کەوتە مەترسی ئەوە زۆر بێ ڕەحمانە کۆمەڵگە خەڵتانی خوێن بکات، بۆیە ڕۆڵ و شانۆگەریە بە نەوەی نوێ ناکرێ و پێویستی بەدڕندەترین بەشی بۆرژوازیە بۆ گێڕانی ئەو ڕۆڵە کەخاوەن چەک و جبەخانەی تۆکمە بێت کەخاوەن نفوسێکی پان و بەرین بێت لەسەر بنچینەی

> نەوەی نوێ ئەوەندە پێویستی بە خەڵك هەیە کەکورسی زیاتری بۆ کۆ بکەنەوە نەك بۆ گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی و نەزم و نیزامی سەرمایە. ئەو هێزەی کە ئەو پەروەردەی ئەکا هێزی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە نییە، ئەوان ڕەخنەی ڕیشەییان لەدەسەڵات نییە، وە هیچ ڕۆژێکیش شتێکمان لەلێدوان و ئەدەبی سیاسیاندا بەدی نەکردووە، ئەم دابەش کردنی ئاو و بەنزینەش درێژەی هەمان سیاسەتە، بەتەنها بۆ کۆکردنەوەی دەنگە بۆ چەند کورسیەکی زیاتر، ئەویش وەکو گۆڕان ئەیەوێ هەلی ناڕەزایەتی خەڵك بۆ خۆی بقۆزێتەوە و دواتر بەچەند وەزیرێك بچێتە نێو دەسەڵاتەوە و بەشداری لەکێکەکە بکات، ئەو نەك هێزێك نییە ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە بکات، بەڵکو هێزێکی ئازادیخواز و مەدەنیش نییە، بەو بەڵگەیەی کەلەهیچ جێگایەك باسی ئازادی سیاسی  و ئازادی ڕێکخراو بوون و یەکسانی ژن و دابینکردنی مافە مرۆڤایەتی و مەدەنیەکان ناکات، ئەویش هێزێکی ناسیۆنالیستییە ڕەخنە لە لق و پۆپی دەسەڵات ئەگری ...

بۆ ئەم مەبەستە و ڕزگارکردنی دەسەڵاتی سەرمایە لەدەستی خەڵک، بەشێک لەئەحزابی بۆرژوازی دێنە مەیدانی سیاسی و خۆیان ئەکەن بەفریشتەی ڕزگاری و بەدروشمی و تاکتیکی فریودەرانە هەوڵ ئەدەن سواری شەپۆلی ناڕەزایەتی خەڵک بن و جارێکی تر دەسەڵاتی سەرمایە ببوژێننەوە، ئەم جۆرە لەبزوتنەوەی سیاسیە بەلای خەڵکی کوردستانەوە نامۆ نییە. چەند ساڵێک بەر لەئێستا بزوتنەوەی گۆڕان هەستا بەگێڕانی ئەم دەورە، توانی

بەبارگرانی و هاوبەشی ئەو دەسەڵاتەی کە پێشتر بەگەندەڵ و دز و مافیای ناوی ئەبرد، ئەم سیاسەتە چەوتەی گەیاندنی بەوەی کەکۆمەڵگە بیانداتە بەر نەفرەت و لەدوا هەڵبژاردندا سزای قورسیان بەسەردا بسەپێنێ و بەتەنها یەک کورسیش ئەهێنن، ئێستا هەمان شانۆگەری و هەمان سیناریۆ نەوەی نوێ تاقی دەکاتەوە، ئەویش ئەیەوێ سواری شەپۆلی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی ببێ و ببێتە حزبی یەکەم لەکوردستان .

بیروباوەڕی پتەوی سیاسی، نەوەی نوێ ئەوەندە پێویستی بە خەڵک هەیە کەکورسی زیاتری بۆ کۆ بکەنەوە نەک بۆ گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی و نەزم و نیزامی سەرمایە. ئەو هێزەی کە ئەو پەروەردەی ئەکا هێزی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە نییە، ئەوان ڕەخنەی ڕیشەییان لەدەسەڵات نییە، وە هیچ ڕۆژێکیش شتێکمان لەلێدوان و ئەدەبی سیاسیاندا بەدی نەکردووە، ئەم دابەش کردنی ئاو و بەنزینەش درێژەی هەمان سیاسەتە، بەتەنها بۆ کۆکردنەوەی دەنگە بۆ چەند کورسیەکی زیاتر، ئەویش وەکو گۆڕان ئەیەوێ هەلی ناڕەزایەتی خەڵک بۆ خۆی بقۆزێتەوە و دواتر بەچەند وەزیرێک بچێتە نێو دەسەڵاتەوە و بەشداری لەکێکەکە بکات، ئەو نەک هێزێک نییە ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە بکات، بەڵکو هێزێکی ئازادیخواز و مەدەنیش نییە، بەو بەڵگەیەی کەلەهیچ جێگایەک باسی ئازادی سیاسی و ئازادی ڕێکخراو بوون و یەکسانی ژن و دابینکردنی مافە مرۆڤایەتی و مەدەنیەکان ناکات، ئەویش هێزێکی ناسیۆنالیستییە ڕەخنە لە لق و پۆپی دەسەڵات ئەگری کۆڵەکەی بنچینەی ڕژێم ناباتە ژێر پرسیارەوە .

ئەو دەنگانەش کەلەهەڵبژاردن هێناویەتی دەنگدان نییە بەسیاسەت و تاکتیکی ئەوان، بەڵکو خەڵکی ناڕازی لەدژی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی دەنگیان داوە بەئەوان .

نەوەی نوێ ئەگەر لەسەداسەدی دەنگەکانیش بهێنن دەسەڵاتیان نادرێتە دەست، چونکە سەرانی سەرمایەی ناوچەیی و جیهانی ئەوەندە گەمژەنین، کەلەشوێنێکدا هێزی میلیشیا حوکم ئەکات دەنگە ناڕازیەکان بەئاگر و ئاسن وەڵام ئەدرێتەوە لەسەر پۆستێکی باڵا ئامادەن شەڕێکی خوێناوی هەڵگیرسێنن و هەزارەها کەس بەکوشت بدەن، هەڵبژاردن چۆن ئەتوانێ ببێتە یەکلاکەرەوەی دەسەڵات، ئەگەر پشتت بەقسەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان بەستووە یان ئەمریکا و ئەوروپا کەئەڵێن هەلومەرجی سیاسی لەکوردستان لەمەترسیدایە ئەبێ ئاڵوگۆڕی سیاسی لەکوردستان بکرێ، ئەوە مانای ئەوە نییە کەئەکرێ نەوەی نوێ بەدیلی دەسەڵات بێت، چونکە ئێوە هیچ پێداویستیەکی دەسەڵاتتان پێ نییە، چونکە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بەدوای دڕندەترین هێزدا ئەگەڕێن کەبتوانێ جڵەوی سیاسی بەتوندی بەدەستەوە بگرێ خۆتان بینیتان چۆن دەسەڵاتی دایەوە دەستی تاڵیبان.

کوردستانیش هاوشێوەی ئەفغانستانە، ئەگەر ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بیانەوێ ئاڵوگۆڕ بەدەسەڵات بکەن ئەوە ئەیسپێرن بەدڕندەترین و کۆنەپەرستترین بەشی بۆرژوازی، ئەم پانۆڕامایە لە2003ش لەعێراقەوە دەستی پێ کرد، هەرچی هێزی دواکەوتوو هەبوو زیندووی کردەوە و هەموو ئیمکانیاتی ماددی و مەعنەوی خستە بەردەستیان بۆ ئەوەی بەهێزیان بکات و شایستەی دەسەڵاتبن، بەڵام ئەوەی ئێوە ئەیکەن دووبارەکردنەوەی شانۆگەرییەکەی بزووتنەوەی گۆڕانە، ئەتانەوێ هەر وەکو ئەوان سواری شەپۆلی ناڕەزایەتییەکان ببن بۆ ئەوەی لەئەنجامدا بەشێک لەکێکی ئەم دەسەڵاتە بۆگەنەتان دەست بکەوێ، بەڵام دڵنیابن تەمەنی ئێوە زۆر لەتەمەنی گۆڕان کورتتر ئەبێت لەبەر ئەوەی ئەوان خاوەنی مێژوویەک بوون و ئەزموونیان زۆر گەورەتر بوو لەئێوە.

# خانەنشینان توێژی فەرامۆش کراو لە هەرێمی کوردستان دا



نووسینی: ئەحمەد هەورامی*

خانەنشینان ئەو توێژەن کە زۆربەی تەمەنیان لەپێناو خزمەتکردنی وڵات و گەلەکەیان بەسەر بردووە، بەڵام بەداخەوە وەفای ئەم دەسەڵاتە بۆیان ژیانێکیان پێ ڕەوا نابینێ کە شایستەی مرۆڤی ئەم سەردەمە بێت.

ئەمڕۆ دەبینین وڵاتانی ناوچەکە و عێراق و کوردستان بە بارودۆخێکی ئاڵۆز و ناسەقامگیر تێدەپەڕن. کۆمەڵانی خەڵکی لە هەرێمی کوردستاندا لە ئەنجامی قەیران و ململانێکاندا لە بارودۆخێکی سەخت و پڕ مەترسیدار ژیان دەگوزەرێنن، کە بەچەندەها گرفتەوە دەناڵێنن لە هەژاری و بێکاری و نەخۆشی و نەبوونی دەرمان و ئاو و کارەبا و سوتەمەنی و خزمەتگوزاری و گرانی پێداویستیەکانی ژیان و دانەمەزراندنی هەزارەها خوێندکاری دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکان کە سوپایەکی بێکاری سەرشەقام و ئۆردوی کۆچکەرانی هەندەرانیان دروست کردووە. دانەمەزراندنی مامۆستایانی وانەبێژ و گرێبەست و خۆبەخش لەبەشەکانی تری فەرمانگەکاندا، ئەمانە هەمووی حکومەتی هەرێمی کوردستان لێی بەرپرسیارە کە بەدەم داخوازیەکانیانەوە نایەت.

خانەنشینان ئەو توێژەن کە ساڵانێکە لەلایەن دەسەڵاتەوە فەرامۆش کراون، کە بەردەوام لە هەموو ڕێگەیەکەوە هەوڵی بەدەستهێنانی مافەکانیان داوە، بەڵام تائێستا حکومەتی هەرێم بەدەنگیانەوە نەهاتووە بۆ جێبەجێکردنی داخوازیەکانیان.

1- خانەنشینانی هەرێم داوای هاوتاکردنی مووچەیان کردووە بە مووچەی خانەنشینانی بەغداد بەپێی یاسای خانەنشینی یەکگرتووی عێراق ژمارە (9)ی ساڵی (2014) کە کەمترین مووچەی خانەنشینی لە بەغداد (500) هەزار دینارە، بەڵام لە هەرێم (200) هەزار دینارە. بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە لە هەرێمدا چەندین هەوڵ درا لەڕێگەی پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، بەڵام بێ ئەنجام بوو. لە هەرێم ئەو یاسایانە پەیڕەو دەکرێن کە بەپێی یاسای سەرەوە لەکار خراون، کە ئەمەش پێشێلکردنی ئاشکرای مافی خانەنشینانە لە هەرێمدا، خانەنشینان لە بەغداد دوای تەواو کردنی (30) ساڵ خزمەت خانەنشین دەکرێن بە (12) مووچەی تەواو پاداش (ئیکرامیە) وەردەگرن، بەڵام لە هەرێمی کوردستان کە خزمەتەکەشیان لەوە زیاتربێ تەنها (6) مووچەی بنەڕەتییان بۆ خەرج دەکەن.

2- خانەنشینان لەساڵی (2015)وە حکومەتی هەرێمی بە بیانووی بێ پاساو نایاسای دەستی بردووە بۆ پێنەدانی موچەی فەرمانبەران و خانەنشینان، کە ( 20 ) موچەی تەواویان پاشەکەوتی زۆرە ملێ کراوە، زیاتر لە (5) مووچەیان لە ( 21%)یان لێبڕاوە.

3- خانەنشینانی عێراق مووچەیان لە سندوقی خانەنشینی وەردەگرن، کە فەرمانبەران لەدامەزراندنیانەوە ڕێژەیەک لە مووچەکەیان دەبڕێت بۆ ئەو سندوقە، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا لەساڵی (1992)وە ئەو سندوقە بوونی نی یە و پارەکەش دیار نییە.

4- خانەنشینان و فەرمانبەران و مامۆستایان لەم هەرێمەی ئێمەدا بێ بەشن لە کەمترین خزمەتگوزاری وەکو بیمەی تەندروستی و دانانی میکانیزمێکی گونجاو بۆ وەرگرتنی مووچەیان، کە لە سەرمای زستان و گەرمای هاوینی تاقەت پڕوکێندا بەچەندەها کاتژمێر لەسەرەی وەرگرتنی مووچەیان دەوەستن کە کارەساتی دڵتەزێنی لێ دەکەوێتەوە بە گیان لەدەستدانی ژمارەیەک لە خانەنشینان.

ئەوەی زیاتر پەیوەندی بە فەرمانبەران و خانەنشینانەوە هەیە، ئەو لێدوانەی وتەبێژی حکومەتی هەرێم بوو کە بە ئاشکرا ڕایگەیاند پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم لای بەغدایە لای ئێمە نییە.

پێویستە ئەوە بلێین/ لەخۆ داماڵینی حکومەتی هەرێم لە بەرپرسیارێتی بەرانبەر فەرمانبەران و خانەنشینان لەپای چی؟

لەژێر هیچ پاساوێکدا حکومەتی هەرێم ناتوانێت خۆی لە بەرپرسیارێتی مووچەی پاشەکەوتی زۆرەملێی فەرمانبەران و خانەنشینان بدزێتەوە کە قەرزاری مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستانە، چونکە (12) ملیار دۆلار قەرزەکەی پاشەکەوتە کەلەسەر (29) ملیار دۆلار قەرزەکەی هەرێمە.

خانەنشینانی هەرێم مووچەیان لەسەر بەغداد نییە کە لێیان پاشەکەوت کرابێ تا داوای پێدانەوەی مووچەی پاشەکەوت کراویان لێبکەن، خانەنشینان لەبەغداد لەسەرەتای هەموو مانگێک بەکارتی زیرەک مووچەیان لە بانک و نووسینگەکانی عێراق و بە هەرێمی کوردستانیشەوە بێ دواکەوتن وەردەگرن. بەڵام لە هەرێمی کوردستان دوای هەموو فەرمانبەران بە دەردەسەری مووچە وەردەگرن. کە تووشی چەندەها کارەسات دەبن تا گیان لەدەستدان.

لەهەمان کاتدا ئەو فەرمانبەران و مامۆستایانە کە لەساڵی (2016) دا زیادە مووچە (ترفیع) یان وەستاوە، ئێستاش خانەنشین کراون بە موچەی ئەو ساڵەی زیادە موچەیان وەستاوە خانەنشین کراون، کە جیاوازیەکی زۆر لە موچەکەیان هەیە.

ئەمەش غەدرێکی ترە لە خانەنشینانی هەرێم دەکرێت کە لە بەغداد یەک مانگ سەرە مووچە و زیادە مووچەیان دواناکەوێت. لەبەر ئەم ناعەدالەتیەیە کە فەرمانبەران و خانەنشینانی هەرێم داوا دەکەن مووچەکانیان بخرێتە سەر بەغداد.

فەرمانبەران و خانەنشینان بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت چاوەڕوانی میکانیزمێک بوون بۆ دانەوەی مووچە پاشەکەوت کراوەکان بە کردنەوەی حسابی بانکی و پێدانەوەی قەرزەکان، بەڵام ئەم لێدوانەی وتەبێژەکەی حکومەت وا دەری دەخات کە مەبەست و نیازی دانەوەی نابێت!

لێدوانەکەی وتەبێژی حکومەت نابێت فەرامۆش بکرێت، چونکە ونکردنی مافی فەرمانبەران و خانەنشینان لە بەرداشی هەرێم و ناوەندا نادادپەروەریەکی ئاشکرایە بەرامبەر فەرمانبەران و خانەنشینان دەکرێت. کە هەندێ لایەن و "پەرلەمانتارانی بەڕێزی کوردستان" ڕوون کردنەوەیان دا بەوەی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران لەئەستۆی حکومەتی هەرێمە.

ئێستاش نرخی بەرمیلێک نەوت (120) دۆلاری تێپەڕاندووە، حکومەتی هەرێم دەتوانێ بەبێ ناردنی (200) ملیار دینارەکەی بەغداد مووچە دابەش بکات، بەڵام مەترسی لەوەدایە ڕاگەیاندنەکەی وەزیری دارایی عێراق کە دەڵێت ئەگەر هەرێمی کوردستان پابەند نەبێت بە بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدڕاڵی عێراق ناردنی (200) ملیار دینارەکە بەردەوام نابێت. ئەمەش حکومەتی هەرێم بیکاتە بیانوو بۆ دواخستنی مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینان.

لەهەمان کاتدا لێدوانەکەی وەزیری سامانە سروشتیەکان کە دەڵێت ئەگەر لیترێک بەنزین بکەین بە (450) دینار دەبێت لێبڕین لە مووچەی فەرمانبەران بکەین. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە دیسانەوە دەست بۆ گیرفانی بەتاڵی فەرمانبەران و خانەنشینان بەرن، نەک دەست بۆ گیرفانی دزەکانی ئەم میللەتە بەرن.

دیارە کە ئەم هەرێمە لەبەردەم بژاردەی گرنگ و چارەنووسازدایە، ئێستاش حکومەتی هەرێم بەرپرسیارە لە جێبەجێ کردنی داخوازیەکانی فەرمانبەران و خانەنشینان هەرێمی کوردستان بە:-

1- جێبەجێکردنی یاسای خانەنشینی یەککگرتووی عێراق ژمارە (9)ی ساڵی ( 2014) کە لە عێراقدا لە (1/1/2014) ەوە پەیڕەو دەکرێت و لە هەرێمدا کار بەو یاسایانە دەکرێت کە ئەم یاسایە لە کاری خستوون، کە ئەمەش بووتە زەوت کردنی مافەکانی خانەنشینان لە هەرێمی کوردستاندا.

2- گەڕانەوەی مووچە پاشەکەوت کراوەکان و فەوتاوەکان و بەبەشە لێبڕاوەکان لە مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینان کە هیچ لێکدانەوەیەکی یاسای نایانگرێتەوە.

3- کارا کردنەوەی سندوقی خانەنشینی کە لەساڵی (1992)دا لە هەرێمدا نییە لەگەڵ پارەکەی کە لە فەرمانبەران وەرگیراوە. کە ئێستا حکومەتی هەرێم بڕیاری دانانی دەرکردووە، بەڵام هێشتا ڕووناکی نەدیووە.

4- خانەنشینان بێ بەشن لە سەرەتاترین



مافەکانیان، کە لەم تەمەنەدا تووشی چەندەها گرفت و نەخۆشی دەبنەوە کە ئەو مووچە کەمەی وەریدەگرن بەشی چارەسەری نەخۆشیان ناکات بەتایبەتی لەم کاتەی دەرمان گرانیدا، لەبەرئەوە پێویستیان بە بیمەی تەندروستی هەیە و چارەسەرکردنیان لە نەخۆشخانەکاندا بەخۆڕایی. خانەنشینان لەم تەمەنەی ئێستایان پێویستیان بە دابینکردنی جێگەی حەوانەوە هەیە کە لەگەڵ کەسایەتی و تەمەنیان بگونجێ، لە وڵاتاندا ئەم توێژە بایەخێکی تایبەتیان پێ دەدرێت، بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا فەرامۆش کراون.

5- دانانی میکانیزمێکی گونجاو بۆ دابەشکردنی مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینان لە هەرێمی کوردستاندا بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی ڕوودانی قەڵەباڵغیەکی زۆر و ڕوودانی کارەسات لەکاتی وەرگرتنی مووچەدا بەرەچاوکردنی ئەم خاڵانە:-

ڕ- لە دانانی خشتەی دابەشکردنی مووچەدا ئەولەویەت بدرێت بە مووچەی خانەنشینان.

ب- جیاکردنەوەی مووچەی خانەنشینانی سەربازی لە خانەنشینانی شارستانی لەکاتی وەرگرتنی مووچەدا.

ج- زیادکردنی بینا و بنکەی دابەشکردنی مووچە بۆ بانکەکان.

د- بۆ کار ئاسانی و نەهێشتنی قەربالغی میکانیزمی کۆد (ژمارەی پێناسەی خانەنشین) بۆ دابەشکردنی مووچە پەیڕەو بکرێت.

ە- دابینکردنی شوێنی گونجاو و شایستە بۆ خانەنشینان لەکاتی چاوەڕوانی کردنیان بۆ وەرگرتنی مووچەکانیان.

و- دابەشکردنی مووچە بکرێت بە کارتی ئەلکترۆنی و هەژماری بانکی بکرێتەوە بۆ مووچەخۆران.

بۆ زامنکردنی مافەکانمان پێویستمان بە هاوکاری هەموولایەک دەبێت، چونکە هەمووان قەرزاری خانەنشینانین.

لەکۆتاییدا خانەنشینان بۆ بەدەست هێنانەوەی مافە زەوت کراوەکانیان هەموو ڕێگەیەکی شارستانی دەگرنەبەر تا هەڵوێستی تر کە دەسەڵات بێتە ژێر باری جێبەجێکردنی داخوازییەکانیان.

***ئەندامی یەکێتی خانەنشینانی کوردستان**



# دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ گەشاو ڕەحیم یەکێك لە دامەزرێنەرانی گروپی ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز... سەبارەت بە ئامانج و کارەکانی گروپەکە...

**بۆپێشەوە: ئەم ماوانە ئێوە گروپێکتان بەناوی گروپی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز پیکهێنا، ئەم گروپە لە کێ پیکهاتووەو ئامانج لەپیکهینانی ئەم گروپە چییە؟**

**گەشاو ڕەحیم:** گروپی ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز پێکهاتووە لە کۆمەڵیک ژن و پیاوی سۆشیالیست و یەکسانیخواز، کە ئێمە ئەم کۆمەڵە ئینسانە مێژویەکی پرشنگدارمان هەیە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ستەمکێشی و چەوسانەوە و ژێردەستەیی لە بەشێک لە وڵاتانی ئەوروپا هەڵسوڕاومان هەیە. ئامانج لە پێکهینانی ئەم گروپە ئەوەیە، بەپێی حکومەت و سیستەمیک کە لەکوردوستاندا لەئارادایە و لەماوەی سی ساڵی ڕابردودا نەک هیچ جۆرە چاکسازیەک لە مافەکانی ژناندا نەکراوە، بەڵکو بەبڕوای من چەند ئەوەندە ستەم و سوکایەتی و بەکەم تەماشا کردنی ژنان زیادی کردووە، بۆیە ئامانجی ئێمە دژایەتیکردنی هەڵاواردن و هەموو جۆرە ستەمکیشیەکین و دژی کوشتاری بەکۆمەڵی ژنان بەبەهانەی ناموسەوە و لەهەوڵی جیگاوڕیگای ژنان لە چارەنوسی گۆمەڵگادا، هەروەها دژی هەر جۆرە نەریتیکی دواکەوتووانەی کۆمەڵگەین کە ببیتە هۆی جیاکاری و دابەشکردنی ڕیزەکانی کرێکارانی ژن و پیاو و دژی فەرهەنگی پیاوسالاری و دژی دام و دەزگاکانی دادگاو یاساکانین. ئیمە ئەمانەوێ هەموو نەریتێکی باوی کۆمەڵگە کە دژی ژنانە لەناوبەرین و لەهەوڵی هینانە کایەی نەریتیکی ڕیکخراوەیی و سیاسیداین کە شەخسیەت و ئینسانی بوون بۆ ژنان بگەڕیتەوە.

**بۆپێشەوە: بۆچی ڕێکخراوتان دروست نەکرد و ناوتان نا گروپ، لە کاتێکدا ئێوە چەندین کەسایەتی دیار و بە ئەزموونی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنانن؟ ئایا بڕواتان بە خۆتان نییە، یا هەڵەیەک بووە بەسەرتاندا تێپەڕیووە، یان هۆکارەکەی چییە؟**

**گەشاو ڕەحیم:** ڕاستی ئەوەی بۆ ئێمە یەکجار گرنگ بوو، پێکهێنانی چوارچێوەیەک بوو، کە هێزو تواناو ئەزموونی دەیان ژن و پیاوی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان لەخۆ بگرێت. بەتایبەتی کە دەمان بینی جێگای وەها ڕەوتێک لە ناو بزوتنەوەی ژناندا، بەشێوەی ڕیکخراو بوونی نییە. لەناو بزوتنەوەی ژناندا چەندین ڕەوت و هێڵی جیاوازی فیمینستی، ناسیونالسیتی و ئیسلامی و لە ژێر ناوی جیاجیادا هەبوون، بەڵام ڕەوتێک کە نوێنەرایەتی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان بکات بوونی نەبوو. ئێمە ویستمان بەر لەهەموو شتێک ئەو بۆشاییە پر بکەینەوە. هەروەها ئێمە بەتەواوەتی بڕوامان بەخۆمان و توانایەکانمان هەیە، کە دەتوانین کاریگەری بەرجەستە لەسەر بزوتنەوەی ژنان بەگشتی دابنێنین و نوینەرایەتی ئەو بزوتنەوەیە بکەین کە لە کۆمەڵگەی کوردستان، بزوتنەوەیەکی بەهێزە. تا ئەو جێگایەی بە ناوەکەی دەگەڕیتەوە، ئێمە چۆن توانیمان دەست پێ بکەین، ئاواش دەتوانین بە راوێژ لەگەڵ یەکتری و لە درێژەی کارەکانماندا ناوەکە لە گروپەوە بگۆڕین بۆ ڕێکخراو یانی شتی تر... من خۆشم لام وایە ئەو گروپەی ئێمە پێکمان هێناوە، بەتەواوەتی پێداویستیەکانی ڕێکخراوەیەکی بەهێزی تیایە. چ لە رووی ژمارەو چ لەرووی خەت و هێڵێکی رۆشنەوە، بەجیا لەوانەش پێکهەنەرانی ئەم گروپە، خاوەن کەسایەتی تا ڕادەیەک ناسراو و بەئەزموونن و کەم ڕێکخراو هەیە لە کوردستان چ وەکو ژمارەو چ وەکو کەسایەتی لەو ئاستەی ئێمەدا دەستی پێکردبێت.. ئێمە بەردەوام دەبین.

**بۆپێشەوە: ناوی گروپەکەتان" گروپی ژنان و پیاوانی یەکسانیخوازە" کەواتە گروپەکە لەسەر بنەمای رەگەزی پێک نەهاتووە و پیاوانیش دەتوانن ببنە ئەندام و بەشدار لە گروپەکەتاندا، دەتانەوێت لە ڕێگایەوە چ پەیامێک بگەیەنن؟**

**گەشاو ڕەحیم:** بەڵێ ئێمە لامان وایە چەوسانەوەو ستەمکیشی بنەڕەتی ژنان نیزامی سەرمایەداریەو بەدەست هینانی مافەکانیشمان تەنها بە لەبەینچونی نیزامی سەرمایەداری مەیسەر ئەبیت. ستەمکیشی ژنان یەکیکە لە کۆڵەکە ئەساسیەکانی نیزامی سەرمایەداری بۆ مانەوەو برەو دان بەخۆی، هەربۆیە خەبات بۆ بەدەستهینانی ئازادی ژنان و یەکسانی ژن و پیاو بەشێکی جیانەکراوەی خەباتیکە کە چینی کریکارو جەماوەری زەحمەتکیش لەدژی سەرمایەداری بەرێیخستووە. بە بڕوای من مەسەلەی ژن تەنها پەیوەند نییە بە ژنان خۆیانەوەو ئازادییەکانی ژنان بەتەنیا بەژنان مەیسەر نابێ، بەڵکو کریکاران وەکو چینیکی شۆڕشگێڕ ناتوانن بەبێ ڕزگاری کۆمەڵگە خۆیان ڕزگار بکەن، بۆیە لێرەدا دەردەکەوێ کە خەباتی ژنان و پیاوان بە ڕیزی شۆڕشگێڕانەی خۆمانەوە بە دەست لەناو دەستی ژنان و پیاوان بەبێ جیاوازی ڕەگەزی نزیکترمان ئەکاتەوە بۆ بەدەست هێنانی یەکسانی ژن و پیاو.

**بۆپێشەوە: پەیوەندیتان بە ڕێکخراوە ژنانەکانی ترەوە چۆنە؟ هاوکات جیاوازی ئێوە لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە ژنانەی لەکوردستان هەن چییە؟**

**گەشاو رەحیم:** ئیمە ئێستا لەسەرەتادایـن و تەنها خۆمان راگەیاندووە، بەڵام خۆمان دوور ناگرین لە پەیوەندی بە ریکخراوەکانی تری ژنانەوە بەتایبەتی ئەو ڕێکخراوانەی کە کەمترین کار بۆ ژنان و کەم کردنەوەی ستەمەکانی سەر ژنان بکەن. دەکرێت لەسەر چەندین مەسەلەی تایبەت بە ژنان هاوکاری و کاری هاوبەش بکەین... بۆ نموونە لە دژی یاسای فرە ژنی، خەتەنەی ژنان، ئازادییە فەردی و مەدەنیەکانی ژنان، دژی تیرۆری ژنان....تاد.

جیاوازیمان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تر ئەوەیە یەکەم: ئیمە لەسەر بنەمای رەگەزی پێک نەهاتووین و چۆن ژنێکی یەکسانیخواز کارمان لەگەڵ دەکات، پیاوێکی یەکسانیخوازیش دەتوانێت کارمان لەگەڵ بکات و ببێتە هەڵسوڕاوی هەمان ئەو ئامانجانەی کە ئێمە لە ڕاگەیاندنی گروپەکەماندا ڕامانگەیاندووە.. دووەم: ئێمە ڕێکخراو گروپێکی بزوتنەوەی ژنان بە گشتی نیین، ئێمە نوێنەرایەتی خەت و رەوتێکی دیاریکراو لەناو بزوتنەوەی گشتی ژناندا دەکەین کە بزوتنەوەی یەکسانیخوازانەی هەمەلایەنەی ژنانە لەگەڵ پیاوان... وەک لە سەریشەوە ئاماژەم پێداوە بەشێکین لە بزووتنەوەیەکی ڕیشەییتری جەماوەریی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و خەڵکی بێبەش کە بە کۆتاییهێنان بە تەواوی سیستمێک کە سەرچاوەی نەهامەتی و هەژاری و بێبەشی و چەوسانەوەی سەر ئینسانەکانە بە گشتی و ژنانیش بە هەمان شێوە یەکسانی و ئازادی بە دەست دێنێ... ئەوە دوو جیاوازی سەرەکی ئیمە لەگەڵ رێکخراوەکانی ترە... هەروەها بەجیا لەوەی ئیمە دیدێکی تایبەتمان سەبارەت بە هۆکارەکانی جیاوازی رەگەزی و ستەم لەسەر ژنان هەیە، شیوازی کار و نەخشەکانیشمان جیاوازی هەیە لەگەڵ ریکخراوەکانی تر...

بۆپێشەوە: ئەولەویەتی کارەکانتان چییە و دەتانەوێت چی بکەن؟

گەشاو رەحیم: ئەولەویەتی کارەکانمان بریتییە لەمانەی خوارەوە:

١/ ناساندنی گروپەکەمان و ئامانجەکانی...

٢/ پەیوەندی کردن بە ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز تا بەم خەبات و ئامانجانەی ئێمەوە پەیوەست بن... کەیەکجار زۆرن.

٣/ پەردە هەڵماڵین لەسەر هۆکار و ریشەی جیاکاری و توندوتیژی دژی ژنان...


٤/ پەردەهەڵماڵین لەسەر فەرهەنگی پیاوسالاری و کۆنەپەرستی سەرچاوەگرتوو لە دەسەڵاتی ناسیۆنالیزم و تێکەڵ بە ئیسلامی و وەڵامدانەوە بە هیرشی دەسەڵات و رەوتە ئیسلامیەکان و مەلاکان بۆسەر ژنان و مافەکانیان..

٥/ راگەیاندنی لیستی تیرۆرەکان، خۆکوژیەکان، و یەخە گرتنی دەسەڵات لەسەریان و گوشار هینان بۆیان

تا هەرچی زووە کوشتنی ژن وەکو کوشتنی بەئەنقەست بەیاسایی بکات و بکوژانی ژنان رووبەرووی یاسای مەدەنی بکاتەوە...

٦/......

ئەمانەو هاوکات ئامادەکردن و بەدەستەوەگرتنی میکانیزم و وەسیلەی پێویست بۆ رایکردنی کارەکانمان و بەدیهێنانی ئامانجەکانمان....



# د. سەلاحی گەرمیان: گوشارەکان بەسەر دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان زادەی ئەو ململانێیەی نێوان گروپە کلیپتۆکراتەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسیە...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز د.سەلاحی گەرمیان چالاکوانی سیاسی و مەدەنی سەبارەت سەبارەت بەهەلومەرجی سیاسی کوردستان و ئایننده سیاسیەکەی...

**بۆپێشەوە:گوشارەکانی دەسەڵاتی بۆرژوازی عێراقی بۆسەر دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، ڕۆژ بەڕۆژ زیاد دەبێت، هۆکاری سەرەکی زۆر بوونی هەڕەشەکانی سەر دەسەڵاتی هەرێم چییەو بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**سەلاحی گەرمیان:** ئەوەی دەسەڵات بەڕێوە دەبات لە عێراق یان لە هەرێمی کوردستان چینی بۆرژوا نییە. ئەوەی ئێستا لەسەر گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا حکومڕانن نوێنەرایەتی هیچ چین و توێژێک ناکەن. تەنیا کۆمەڵێک گروپی کلیپتۆکراتی* لومپینن، بەردەوام لە ململانێ و شەڕی بەرژەوەندیدان. ئەوەی جێی نیگەرانییە، شتێک نەماوە لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا بەناوی بەرژەوەندی گشتی خەڵک یان سەروەری خاک و نیشتمان. هەروەک چۆن لە هەرێمی کوردستاندا دەسەڵاتێکی بنەماڵەیی کلیپتۆکرات خۆی

**ئەوەی دەسەڵات بەڕێوە دەبات لە عێراق یان لە هەرێمی کوردستان چینی بۆرژوا نییە. ئەوەی ئێستا لەسەر گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا حکومڕانن نوێنەرایەتی هیچ چین و توێژێك ناکەن. تەنیا کۆمەڵێك گروپی کلیپتۆکراتی* لومپینن، بەردەوام لە ململانێ و شەڕی بەرژەوەندیدان ...**

سەپاندووە و هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی داگیرکردووە، بەتایبەتی سێکتەری ئابوری و لەژێر کۆمەڵێک دروشمی پۆپۆلیستی و بە هێزی چەک و پارە حکومڕانی دەکات، هەروەاش لە بەغداد و ناوەڕاست و خوارووی عێراق چەندین گروپی مافیایی جیاجیا بەزەبری چەک و تۆقاندن، و بۆ فریودانی خەڵکی عەوام بەرگی بەناوی ئاین ومەزهەبەوە، لەژێر ناو و دروشمی جۆراوجۆر و بەپاڵپشتی دەزگاکانی زانیاری و جاسوسی وڵاتانی دەورووبەر خۆیان سەپاندووەو جڵەوی دەسەڵاتیان گردووەتە دەست.

بۆیە ئەکرێت بڵێین گوشارەکان بەسەر دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان زادەی ئەو ململانێیەی نێوان گروپە کلیپتۆکراتەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسیە. هەر لایەنێک دەیەوێت پێگەی خۆی بتەوبکات، چ بەڕێی دەستبەسەراگرتنی سەرچاوەکانی داهات لە کێڵگەکانی نەوت و غاز و بە قاچاخبردن و هەناردەکردنیان بۆ بازاڕەکانی جیهان، یان بەڕێی فراوانکردنی ڕووبەری دەسەڵاتی سەربازی و کۆنترۆڵکردنی پێگە گرنگەکانی سنوری جیوگرافی نێوانیان. دیارە لەو نێوەندەدا، ڕۆڵی ئێران و تورکیا ئاشکرا دیارە و ململانێ مێژووی نێوانیان زەقبووەتەوە. پاڵپشتیکردنی ئێران بۆ گروپ و میلیشیاکانی حەشدی شیعی، لە بەرانبەریشدا هاوکاری و هەماهەنگی تورکیا لەگەڵ سەرانی پارتی لە هەرێمی کوردستان.

**بۆپێشەوە: هاوکات لەگەڵ گوشارەکانی بەغدا بۆسەر دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، هێرشی سەربازی دەوڵەتی تورکیا بۆسەر هەرێم زیاتری کردووە، هەروەها ئێران ناوە ناوە لەڕێگای موشەک هاویشتنەوە بۆ هەولێر و دەوروبەری گوشارەکانی زۆرتر بووە، هۆکاری زیادبوون و فراوانبوونی گوشارەکانی تورکیاو ئێران بۆسەر هەرێم چییە؟**

**سەلاحی گەرمیان:** بە پێی پێگەی جیۆپۆلیتیکی هەرێمی کوردستان لە ناوچەکەدا و هۆی ململانێی مەزهەبی و تایەفەگەری، تورکیا و ئێران بۆیان گرنگە پێگەی بەهێزیان هەبێت لە هەرێمی کوردستان. بۆیە لە پێناو کۆنترۆڵکردنی ڕەوشی سیاسی و ئاڕاستەکردنی حیزب و دەسەڵاتدارنی هەرێم بە پێی مەرامی خۆیان، هەردوولایان بۆیان مەبەستە هەرێمی کوردستان ئارامی و پێشکەوتن بەخۆیەوە نەبینێت. سەرباری ملکەچبوونی سەرانی جووت بنەماڵە (بارزانی و تالەبانی) و هەماهەنگییان لەگەڵ دەزگا سیخوڕەکانیان. هەرچی تورکیایە بە بیانووی بوونی گەریلاکانی (پ. ک. ک) لە چیای قەندیل و ناوچەکانی تری نزیک بە سنوری تورکیا، لەشکرکێشی دەکات بۆ ناو قوڵایی خاکی هەرێم، و هەڵساوە بە دامەزراندنی چەندین پێگەی سەربازی و بنکەی سیخوڕی (میت) لە ناوچە جیاجیاکاندا، درۆنە سەربازییەکانیشی دەنێرێت بۆ هەر سوچێکی هەرێم هەرکات بیەوەێت بۆ بەئامانجگرتنی نەیارانی. لەبەرانبەریشدا ئێران بەبیانوی هەبوونی پێگەی مۆسادی ئیسرائیلی لە هەرێم، گوشارەکانی چڕتر کردووەتەوە. بەوەش دەیەوێت ئەو ئامانجەی تورکیاش مەبەستێتی بیهێنێتەدی، لەوەی قەوارەی هەرێم لەژێر مەرحەمەتیان دابێت. لەپاڵ ئەو ئامانجانەیان، ململانێی مێژوویی نێوان هەردوو جەمسەری سوونە و شیعە (کە درێژەی ململانێی عوسمانی–سەفەوی) یە بەزەقی ڕەنگئەداتەوە لە دەستێوەردانی هەردوو وڵات لە کوردستان و ناوچەکەدا. لەگەڵ ئەوەشدا، دەستگەیشتن بە غازی هەرێمی کوردستان و گەڕان بەدوای سەرچاوەی تردا ئامانجی ستراتیجی تورکیایە، بەتایبەتی دوای هێرشی ڕوسیا بۆ سەر یوکراین و قەیرانی غاز لە ئەوروپا.

**تەبایی نێوان پارتی و یەکێتی هەڕەشەیە بۆ سەر ژیانی خەڵك و زیاتر هەژمونی دەسەڵاتی جووت بنەماڵە پتەوتر دەكات. بە کورتییەکەی شەڕ و ئاشتی نێوان ئەو دوو حیزبە خێروبێری بۆ خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان نەبووە و لە ئایندەشدا نایبێت.**

ئەوەش لە کاتێکدا ئێران بەتوندی لەگەڵ ڕوسیادا دژ بەو پلانە دەوەستێتەوە و دەیەوێت ڕێگربێت لە بەدیهێنانی خەونەکەی ئەردۆگان لەو بوارەدا.

**بۆپێشەوە: زۆر بوونی مەترسیەکان بۆسەر هەرێم، رووی لە دەسەڵاتی حزبە بۆرژوازیەکانی کوردە، یان رووی لە خەڵکی کوردستانە؟**

**سەلاحی گەرمیان:** بۆ دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان پاراستنی پێگە و بەرژەوەندییەکانی حیزب و بنەماڵە دەستڕۆیشتووەکانیان ئامانجی سەرەکییە. مێژووی جووت حیزبی دەسەڵاتدار پڕە لە نموونەی زەق لەوبارەیەوە. شەڕی خوێناوی ناوخۆیی نێوانیان لە هەستیارترین قۆناغی مێژوویی و نالەبارترین دۆخی ئابوری جەماوەری خەڵک باشترین بەڵگەیە بۆ ئەو ڕاستییە. بۆیە زەرەرمەندی یەکەم لەو هەموو دەستدرێژ ی و هێرشی سەربازی و موشەکباران و بۆمبابارانی فڕۆکە و درۆنەکان چ لەلایەن حەشدی شیعییەوە بێت یان لەلایەن پاسدارانی ئێرانی و ئۆردوی تورکیاوە بێت، خەڵکی بێچارەی کوردستانە. لەکاتێکدا ڕەز وباخی خەڵکی دەسوتێنرێت وگیانی هاوڵاتیانی لە مەترسیدایەو نائارامی و دڵەڕاوکێ باڵدەکێشێت بەسەر ژیانی ڕۆژانەیاندا، کەچی دەسەڵاتی غەرق لە گەندەڵی و تاڵانبەر و ستەمکار، زۆر بێباکە لەبەرانبەر ئەو هەموو هەڕەشانە کە ڕۆژانە دەکرێتە سەر خاک و ئاسمانی ناوچەکە، سەرەڕای بێباکی ئەو دەسەڵاتە لە کێشە و گرفتەکانی خەڵک و داخوازییەکانیان کە وەک پێویست نییە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئاستی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بەتایبەت لە بواری شارەوانی و تەندروستی و پەروەردە لە پاشەکشەدایە، لەپاڵ دەیان گرفتی ڕۆژانەی ژیانیان لە نەبوونی سەرەتایترین مافی هاوڵاتیبوون.

**بۆپێشەوە: لە نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکانەوە تا دەگاتە لێدوانی بەرپرسانی هەرێم، هۆکاری هەڕەشەکان بۆ سەر هەرێم دەگێڕنەوە بۆ ناتەبایی نێوان پارتی و یەکێتی و حزبە کوردیەکان بەگشتی و دوو ئیدارەیی و دوو هێزی پێشمەرگە....تاد، لەمبارەیەوە دەڵێن چی؟**

**سەلاحی گەرمیان:** نا تەبایی و ململانێی نێوان پارتی و یەکێتی وەک ڕوونە لای هەمووان پرسێکی نوێ نییە و هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی چەکداری دوای ئاشبەتاڵ (١٩٧٤) ەوە، هەردوو حیزب لە پێشبرکێدابوون بۆ لەناوبردنی ئەویتر لە ململانێی نێوانیاندا و زۆرجاریش شەڕی خوێناوی لەنێوان هێزە چەکدارەکانی هەردوولا ڕوویداوە. هەرچەندە ڕاستە تەبایی نێوانیان ڕەنگە پەیامی بەهێزبوون بگەیەنێت بۆ لایەنە سیاسییەکانی عێراق و وڵاتانی دەوروبەر، بەڵام هیچ لایەک لەوانە بێئاگانین لە دۆخی ناوخۆی هەرێم و حکومڕانی فاشیلی سەرانی جووت بنەماڵە و نارەزایەتی و تورەیی خەڵکی کوردستان دژ بەدزی و تاڵانی سەروەت و سامانی گشتی و دەستەوەستانی دەسەڵات بەرانبەر داواکانی خەڵک. تا ئەو ڕادەیەی خەڵک ئاواتەخوازی حوکمی بێگانەیە نەک دەسەڵاتێک بەناوی کوردایەتییەوە وڵاتەکەی بەتاڵان ببات.

لەڕاستیدا، تەبایی پارتی و یەکێتی و ڕێککەوتنی نێوانیان ئەگەر ڕوویدات لەوانەیە کاردانەوەی هەبێت بۆ هێز و لایەنەکانی دەرەوەی هەرێم، بەڵام تەبایی نێوانیان هەڕەشەیە بۆ سەر ژیانی خەڵک و زیاتر هەژمونی دەسەڵاتی جووت بنەماڵە پتەوتر دەکات. بە کورتییەکەی شەڕ و ئاشتی نێوان ئەو دوو حیزبە خێروبێری بۆ خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان نەبووە و لە ئایندەشدا نابێت.


**بۆپێشەوە: گوشارەکانی بەغدا لە ئێستادا بە لەدەستدەرهێنانی دۆسیەی نەوت و غاز لەدەست دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد چڕ بۆتەوە... ئەم گوشارانە سیاسین یان یاسایی و دەستوری؟**

**سەلاحی گەرمیان:** هەرچەندە لەعێراقی ئەمڕودا دادگاکان لەژێر هەژموونی لایەنە باڵادەستەکانن و هەر ئەوانیش بەپێی بەرژەوەندی و ئەجیندای سیاسی خۆیان دەست لە هەموو پرسێکدا وەردەدەن. بەڵام ئەوەی پەیوەندە بە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی لەبارەی نایاسایی بوونی یاسای دەرهێنانی نەوت وغازی هەرێمی کوردستان، پێموانیە ئەو بڕیارە گوشاری سیاسی بێت بەقەدەر ئەوەی هەنگاوێکی یاساییە بۆ ڕێکخستنەوەی پرۆسەکە و ڕێگرتن لە دەسەڵاتدارانی هەرێم بەکۆنترۆڵکردنی سێکتەری سامانی سروشتی هەرێمی کوردستان و بەکارهێنانی داهاتەکەی لە بەرژەوەندی ئەجیندای سیاسی خۆیدا بە شێوازێکی دوور لە شەفافییەتی گرێبەستەکان لەگەڵ کۆمپانیا جیهانییەکاندا. هەروەها بەو پێیەی دادگای فیدراڵی لەژێر هەیمەنەی تاکە لایەنێکی سیاسیدا نییە و هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار لە هەرێمی کوردستان نوێنەرایەتیان هەیە لە دادگای فیدراڵی لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتی تەوافقەی کە لە عێراقدا پێڕەو دەکرێت هەر لە دوای ڕوخانی ڕژێمی سەددامەوە و تاکو ئەمڕۆ.

**بۆپێشەوە: لە ڕوانگەی ئێوەوە زامنی ئایندەیەکی باش بۆ خەڵکی کوردستان چییە و چۆن بەدی دێت؟**

**سەلاحی گەرمیان:** ئەزموونی خۆپێشاندانەکانی توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵانی خەڵک ئەوەمان پێ ئەڵێت، تاکە ڕێگا بۆ دەستەبەرکردنی ئایندەیەکی باش بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان، تەنیا بە نەمانی حکومڕانی جووت حیزب و جووت بنەماڵە و هاوبەشەکانیان لە دەسەڵات بەڕێی ڕاپەڕینێکی گشتی و سەرتاسەری جەماوەر لەهەموو شارەکانی هەرێمی کوردستاندا. چونکە دەسەڵاتی کلیپتۆکراتی کوردی زمانی ئاشتیانەی خۆپێشاندان نازانێت و نایەوێت لە پەیامی نارەزایەتی خەڵک تێبگات، بێباکە لە کۆڕانی و خەم...

بۆ لاپەڕە 16



# ستاری چیمەنتۆ: لەکوردستان هیچ قەوارەیەکی سیاسی لەبەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان، لەم هەرێمەدا بوونی نییە، تا خەڵکیی خەمی ئەوەیان هەبێت، کە لەخەتەردایە

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز" ستاری چیمەنتۆ" هەڵسوڕاوی سیاسی کۆمۆنیست، سەبارەت بە هەلومەرجی سیاسی کوردستان و ئایندە سیاسیەکەی....

**بۆپێشەوە: ئایندەی سیاسی ئەم کێشمەکێشانەی نێوان هەرێم و بەغدا چۆن دەبینن و لێکەوتەکانی لەسەر خەڵکی کوردستان چییە؟**

**سەرەتا زۆر سوپاستان دەکەم بۆئەم دەرفەتەی، کە ڕەخسانتان، تا لەپەیوەند بەوپرسە گرنگانە، ڕاو بۆچوونی خۆم لەڕێگای ئەم تەوەرەی بڵاوکراوەی بۆپێشەوەوە دەرببڕم.**

**ستاری چیمەنتۆ:** ئەم پرسیارە کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە کێشمەکێشە سیاسیەکانی نێوان بەغدا و هەرێم هەیە، بە بۆچوونی من وا پێویست دەکات کە زۆر بەکورتی هەڵوێستەیەک لەسەر پێکهاتەی دەسەڵاتەکە و کێشمەکێشەکانی نێوان باڵە جیاجیاکانی دەسەڵات، هەم لەبەغدا و هەم لەهەرێم بکەین، بەتایبەت لە مێژووی خۆپیشاندانەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ ـەوە.

ئەم میلیشیاو حیزبە دینی و قەومی و خێڵەکییانە، دوای ئەوەی کە لەڕێگای ئەمریکاو هاوپەیمانەکانەوە، بەزۆر بەسەر خەڵکی عێراقدا سەپێندران، ئیتر هەرگرووپە و لە ناوچە و شوێنی نفووزی خۆی، توانی لەڕێگای چەک و هێزێکی سەربازیی، کە لەئەمریکاوە خرایە بەر دەستیان کۆنتڕۆڵی ناوچەکانی خۆیان بکەن، و تەواوی سەرچاوە ئابووریەکان لەنێو خۆیاندا دابەش بکەن، و هەر لەعەتەبە دینیەکانی نەجەف و کەربەلا و کازمییەوە بگرە تا دەگات بە بیرەنەوتیەکانی کەرکوک! لەهەمان کاتیشدا دەستی ئێران و وڵاتەکانی تری ناوچەکە، وەک قەتەر و سعودیە و تورکیا کرایەوە، تا بتوانن هەریەکەیان وبەپێی ستراتیژێکی ئابووریی سیاسیی ناوچەکە، لەگەڵ ئەو حیزب و میلیشیایانەی عێراق وکوردستان پەیوەندی ڕاستەوخۆ بگرن، و چۆنیان بۆ کرابێت دەستیان وەردایە نێو کاروبارەکانی دەسەڵاتەوە.

بۆیە شەڕی ناوخۆی یەکێتی و پارتی و ئیسلامییەکان ١٩٩٤-١٩٩٨ و کارەسات وتاوانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ و هەروەها هێرشی حەشدی شەعبی و باقی میلیشیاکانی، بەناو جەیشی ئیتیحادیی عێراق، لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ دەرهێنانی کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوک و دەرووبەری، لەدەستی هێزەکانی پێشمەرگە وهەڵکردنی ئاڵای عێراقی لەسەر بینای پارێزگای کەرکوک، بەشێکی گرنگ و کارەساتباربوون، لەو سیناریۆیانەی کە هەمیشە بەدژی خەڵکیی ئەنجامدراون!

کەواتە ئەم هێزانە، خۆیان وجووڵەکانیان، جگە لە یارییەکی شەتڕەنجی نێوان وڵاتەکانی ناوچەکە لەلایەکەوە و چاودێریی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیشی لەلاکەی ترەوە، هیچ شتێکی تر نییە! کۆی ئەو یارییانەش، شەڕێکی بەوەکالەتە بەدژی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان و عێراق.

بۆیە ئەم ململانێ سیاسیانەی ئێستاش درێژکراوەی هەمان ئەو مێژووە تاڵەیە و لێکەوتەکانیشی، بێگومان لەگەڵ لەمەیداندابوونی نارەزایەتیەکاندا، هەروەک بینیومانە، کارەسات و سەرکوتگەرییەکان کەمتر دەبن و پێچەوانەکەشی، بێگومان کوشت و کوشتا ر وئاوارەیی و برسیتی وبێ ئاوکارەبایی و بێمووچەیی وبێکارکردن ئێخەی خەڵکیی دەگرێت.

**بۆپێشەوە: هۆکاری پاشەکشەی ئەندام پەرلەمانەکانی رەوتی سەدر لە پەرلەمانی عێراق چییە؟ چۆن دەروانننە بڕیاری رەوتی سەدر بە پاشەکشە لە پرۆسەی سیاسی عێراق!!؟ وە ئەوە چ کاریگەرییەکی لەسەر دۆخی هەرێمی کوردستان دەبێت؟**

**ستاری چیمەنتۆ:** پاشەکشەی ڕەوتی سەدر لە پەرلەمانی عێراق، تەنانەت لە پرۆسەی سیاسیی ئێستاو هۆکاری سەرەکیی ئەو بڕیارەی موقتەدا سەدری مەرجەعی ئەو ڕەوتە، درێژەی هەمان ئەو ململانێیانەیە، کەلەنێو باڵ و میلیشیاکاندا ساڵەهایە بوونی هەیە، بەڵام ئەمجارەیان ڕەوتی سەدر، بەدوای ئەوەی، کە لەنارەزایەتییەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩دا وەک یاریزانێکی فێڵباز و ڕکابەرێکی نەیارەکانی، خۆی وەک پشتیوانیکەری خواستەکانی خەڵکی ناڕازی دەرخست، و تاڕاددەیەک توانی سواری شەپۆلی نارەزایەتییەکان ببێت، بۆیە کاتێک عادل عەبدولمەهدی؛ سەرۆک وەزیرانی ئەوکات لابرا و پاشان دەسەڵات ناچار بۆ کپکردنەوەی نارەزاتییەکان بڕیاری هەڵبژاردنی پێشوەختەیدا، ئیتر ئەوە ئەوفرسەتە زێڕینە بوو، کە بۆ ڕەوتی سەدر و هاوپەیمانەکانی هەڵکەوت و توانییان لەو یاریی هەڵبژاردنەدا زۆرترین ژمارەی کورسی٧٣ بەدەستبهێنن! بەڵام بەدوای ئەم هەشت مانگەش، کە بەسەر هەڵبژاردنەکاندا تێپەڕیوە، هێشتا ڕەوتی سەدر نەیتوانی ئەو حکومەتە زۆرینەیەی، کە دەیویست، پێکیبهێنێ، بۆیە کاتێک ئەو ڕەوتە، لەلایەکەوە بێ هیوابوو لەوەی کە حکومەتەکەی پێک بهێنێ، وەلەلایەکی تریشەوە، دڵنیایە لەوەی بەبێ بوونی کورسی و هێزەکەی ئەو لە پەرلەمان و حکومەت، هەرگیز ڕکابەرەکانی ناتوانن وە نابنە خاوەنی حکومەتێکی بەهێز و جێگیر وە یاخود درێژماوە، بۆیە بڕیاری پاشەکشە بۆ ڕەوتی سەدر وە بەتایبەت لە ڕوانگەی موقتەدا سەدر، وەک مەرجەعی ئەوڕەوتە، لەم کاتەدا باشترین وە گونجاوترین هەڵبژاردە و وەڵامە بە نەیارەکانی.

کەواتە ئێستا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی، کە هاتنەدەرەوەی نوێنەرانی ڕەوتی سەدر لەپەرلەمان، یارییەکی سیاسیی تری ئەو ڕەوتەیە، تا بەهۆیەوە بتوانێ لەبەرانبەر ئەوانیتردا، وە بە شێواز و ڕێگەیەکیتر، واتا لەدەرەوەی یارییە هەنووکەییەکانی نێو پەرلەمان، فشاری زیاتر هێنان، یاخود بەشداریی خەڵکی ناڕازی لە ڕژانە سەرجادە، وەک وەرەقەی فشاربەکار بهێنێت. وەیاخود بەهەرشێوەیەک بۆی بلوێ، پەیوەندیی دیبلۆماسی وبەڵێن پێدانی ئاڵوگۆڕ لەبەرژەوەندیە ئابووریی و سیاسەکانی داهاتوو، لەگەڵ هێزو لایەنی دەرەکییدا، تا گەرەنتیی دەسەڵات و ئۆتۆریتەی حوکمڕانیی وەربگرێتەوە. ئەی وەک ئێوە دەپرسن، ئایا چ کاریگەرییەکی لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێت؟ من بڕوام وایە، بەوەدەلیلەی کە (پ د ک) وەک هاوپەیمانی ڕەوتی سەدر وهەروەها وەک گەورەترین هێزی سیاسی وخاوەن بەهێزترین ئابووری لەهەرێمی کوردستان، بێگومان بەم پاشەکشەیەی ڕەوتی سەدر، زیانێکی سیاسیی گەورەی بەردەکەوێت، بەتایبەت لە پرۆسەی سیاسی و دامەزراندنی هەر حکومەتێکی نوێ، کە لەسەردەستی نەیارەکانی ڕەوتی سەدر دروست دەکرێت! وە ئەمەش بێگومان پارتی دیموکراتی کوردستان ناچار بە بەند وبەستی تر هەڵبژاردنی ڕێگای تر دەکات، کە هەرگیز ئەو ڕێگایانەش بەبێ تەنازولات و ملکەچپێکردن ڕوونادەن! وە کۆی هەموو ئەو پاشەکشە پێکردن یارییانەش لەگەڵ (پ د ک )و تەنانەت لەگەڵ باقیی حیزبە بۆرژواکانی کوردستاندا، باجەکەی تەنها و تەنها لەسەر خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان دەکەوێت! بۆیە هەر ئێستا دەنگۆی هەڕەشەکانی میلیشیاکانی دەسەڵاتی بەغدا، بۆسەر بەشێک لە ناوچە نەوتییەکانی کوردستان لە سنووری کەرکوک و چەمچەماڵ، دەرکەوتەی ئەو کارایانەن، کە نەک هەر پاشەکشەی ڕەوتی سەدر، بەڵکو کۆی ئەزمە و کێشمەکێشە سیاسیەکانی ئەم دەسەڵات و میلیشیایانەی بەغدا دەیخەنە سەر هەرێم.

**بۆپێشەوە: هەلومەرجی سیاسی کوردستان تادێت بەرەو خراپی دەچێت، لە نوێنەری نەتەوە یەککگرتوەکانەوە تا دەگاتە بەرپرسە سیاسییەکانی بۆرژوازی کورد، ئاماژە بەزیادبوونی مەترسییەکانی سەر هەرێم دەکەن، ئێوە لەو بارەیەوە دەڵێن چی و تا چەندە مەترسی سیاسی لەسەر هەرێم هەیە؟**

**ستاری چیمەنتۆ:** لە کۆتاییدا دێمە سەر ئەوەی، کە ئایا هیچ مەترسییەک لەسەر "قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان" هەیە؟ من لەوەڵامدا دەڵێم، لەکوردستان هیچ قەوارەیەکی سیاسی لەبەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان، لەم هەرێمەدا بوونی نییە، تا خەڵکیی خەمی ئەوەیان هەبێت، کە لەخەتەردایە. ئەو قەوارەیەی کە هەیە و ئەحزابی بۆرژوازی کوردی بەحاکم ئۆپۆزیسیۆن و عەلی باپیرەکان و سەلاحەدین بەهادینەکانیەوە خەمی بۆ دەخۆن، و دەڵێن کەتووەتە خەتەرەوە، ئەوە قەوارەیەکە، کە تەنها و تەنها بەرژەوەندییە ئابووریی و سیاسیەکانی ئەوان و ڕۆشنفکرانی ئەوانی پاراستووە و هیچ پەیوەندیەکی بەبەرژەوەندیی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستانەوە نەبووە، و هەمیشە ئەو قەوارەیە سی دانەساڵە نەک هار پارێزەری نەبووە، بەڵکو خەڵکی کوردستان و تەنانەت ئەو خاک و دڵ و قودسەش، کە ئەوان پیرۆزیان کردووە، برسی و گورگان خوراویان کردووە. بۆیە ئەو قەوارەیەی ئەوان پیرۆزیان کردووەو دەیانەوێ خەڵکی بۆ بکەن بەقوربانیی، ئێستا ئیتر بۆ کەمینەیەکی مفتەخۆر و قەڵەمبەدەستی خۆیان نەبێت، بۆ هیچ کەسێکیتر پیرۆزییەکی نەماوە، چونکە خەڵکی باش دەزانن، کە ئەوە خودی ئەو دەسەڵاتەی یەکێتی و پارتییە، کە هاوکات لەگەڵ میلیشیاکانی بەغدا پێکەوە مەترسین لەسەر ژیان وگوزەرانی کۆی خەڵکی نەداری عێراق.

**ئەم هێزانە، خۆیان وجووڵەکانیان، جگە لە یارییەکی شەتڕەنجی نێوان وڵاتەکانی ناوچەکە لەلایەکەوە و چاودێریی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیشی لەلاکەی ترەوە، هیچ شتێکی تر نییە! کۆی ئەو یارییانەش، شەڕێکی بەوەکالەتە بەدژی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان و عێراق...**

**خودی ئەو دەسەڵاتەی یەکێتی و پارتییە، کە هاوکات لەگەڵ میلیشیاکانی بەغدا پێکەوە مەترسین لەسەر ژیان وگوزەرانی کۆی خەڵکی نەداری عێراق...**

## درێژەی....قەیرانی ئیسلامی سیاسی  و ڕۆژئاوا!

ڕێکەوت لە شوێنێکی دنیا لە دایک بوون، مۆر و مارکەی دینیان لە نێو چاو دەدرێ، ئەگەر ئامادەبێ لە خەباتێکدا کە چینی کرێکار و بێبەشان و ژنان و نەسلێکی لاو لە ڕۆژهەڵات لە پێناو ڕزگاری فەرهەنگی، لە پێناو دەستڕاگەیشتن، بەژیان و بەهاو ئەرزشگەلێکی ئەمرۆیی و بۆ بەژێر کێشای ئەو دیوەزمەیە، هەر نەبێ نەچنە پشتی ئەو فاشیزمە، خزمەتێکی گەورە بەچینی کرێکار و بەشەرییەت بۆڕزگار بوون دەکا، بەڵام ئەوە تا چاوەڕوانیەکی واقیعی زیاتر لە ئەفسانە نزیکە.

هەر بۆیە ئەگەر یەک ڕۆژ دەنگی مزگەوتەکان کپ بکەن، ئەگەر یەک ڕۆژ لەئێران نێزە و تێزاب و پاسدار و بەسیج و دادگایی و ئیعدامی هەمەجیانە لە ڕۆژهەڵاتی بەڵای ئیسلام گرتو، بەتایبەتی لە ئێران لەسەر کۆمەڵگە لابەرن، دنیا و مرۆڤایەتی ئاوانگارد شالاوێکی سکولار و ئازادیخواز بە چاوی خۆیان دەبینن کە سالانێکە لە دیوەکەی تری ژیان، لە ماڵەکان و لەوشوێنەی عەبای ڕەشی هەمەجیەتی ئیسلامی ناتوانێ داپۆشێ درێژەی بە خۆیداوە. لێشاوی تەقینەوەی ئەو ژیانخوازی و ئازادیخوازییە دەبینن کە  هەر دەرفەت و دەریچەیەکی پەیدا کردبێ، ئەم کۆنەپەرستیەی لە بنەوە خستۆتە لەرزە. شالاوێکی ئاوانگاردی دژی مەزهەبی لە هەمان ڕۆژهەلاتێکدا، لە هەمان ئێرانێکدا کە بورژوازی جیهانی وشیارانە لە ترسی شۆڕش، لە ترسی بەرەو چەپ و کۆمۆنیزم وەرخانی ڕۆژهەڵات، ڕادەستی ئیسلامی سیاسی کرد، کە دەکرێ بۆ یەکەمجار، ئەو فاشیزمە دینیە بکاتەوە کونەوە و دەستی لەسەر ژیانی مرۆڤ ببڕێ .شالاوێکی ئاوانگارد و ڕادیکاڵ کە کۆڵەکە و پایە کۆمەڵایەتی وسیاسیەکەی چینی کرێکار و کۆمۆنیزمێکی ئاوانگارد کرێکارییە کە ئازادی تا ئەوپەڕی خۆی، خۆشبەختی تا ئەوپەڕی خۆی، دەوێ. ئەمە تاقە شانسی مرۆڤایەتی کرێکار و بێبەشە کە بتوانێ بۆ یەکجار لە مێژوودا لە ڕیشە بدا و مرۆڤایەتی بەکردەوە ڕینسانێکی تری گەورەی فەرهەنگی و ڕزگاربوونێکی گەورەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و فەرهەنگی لە ژیانی خۆیدا تاقی بکاتەوە.

بەو پێیە چارەنوسی ئەودێوەزمە فاشیستیەی ئیسلامی سیاسی لە خودی هەمان ڕۆژهەڵات و لەسەر دەستی چینی کرێکارێکی میلیۆنی، کە بازاڕی کاری هەرزانی ڕۆژهەڵات لەسەر کار و هەڵسوڕانی ئەو ڕاوەستاوە و تەواوی ئیختیناق و سەرکوت، قەهری دەوڵەت و سەنعەتی هەزار سەرەی مەزهەب لەو پێناوەدایە و لەڕێگەو بەهۆی کۆمۆنیزمێکی ئاوانگاردی کرێکاری کە ژیان و مەدەنیەت و بەشەرییەت لە خەباتیدا بۆ تەواوی ئازادی بۆ تەواوی خۆشبەختی و بۆ دەستبردن بۆ ڕیشەی نەبوونی ئازادی و خۆشبەخت نە ژیانی ئەمرۆ نوێنەرایەتی دەکا، یەکلادەبێتەوە.

١٠١١٠٢٠٢٠

## درێژەی...خانەنشینان توێژی فەرامۆش کراو لە هەرێمی کوردستان دا

وئازارەکانی خەڵک، تەنیا سەرقاڵی کەڵکەکردنی پارەی دزراوی داهاتی نەوت و غاز و باج و خاڵە سنوورییەکانن.

**بۆپێشەوە: کشانەوەی ئەندام پەرلەمانەکانی رەوتی سەدر لە پەرلەمانی عێراق، پرسی پیکهێنانی حکومەتی عێراقی بۆ ماوەیەکی تر دواخست، ئەمە چ کاریگەرییەکی لەسەر دەسەڵاتی هەرێم دەبێت؟**

**سەلاحی گەرمیان:** ئەوەی موقتەدا سەدر دەیکات، نیشاندانی هێز و قورسایی شەقامی خۆیەتی بۆلایەنەکانی تر. دەیەوێت بڵێت بەبێ ڕەوتەکەی و بە پشتگوێخستنی ڕۆڵی ئەو، عێراق ئارامی بەخۆیەوە نابینێت. هەر لەپڕا دەبینین بە سیناریۆیەکی ترەوە دەرئەکەوێتەوە.

بەنیسبەت کاردانەوەی ئەو هەنگاوەی سەدر لەسەر دەسەڵات لە هەرێم کوردستاندا، گەرچی ئیدیعای دەسەڵاتداریێتی هاوبەش دەکرێت لە هەرێمدا، بەڵام تەواوی جومگەکانی حکومڕانی لەژێر هەیمەنەتی پارتیدایە.

 پارتی وەک بینیمان، بەپێچەوانەی ڕێکەوتنی لەگەڵ یەکێتیدا، لە بەغداد چووە هاوپەیمانییەکی سێ قۆڵییەوە لەگەڵ ڕەوتی سەدر و سوونەکاندا. ئێستاش دوای کشانەوەی پەرلەمانتارانی ڕەوتی سەدر، پارتی لە دووڕێیانێکدا ماوەتەوە و نازانێت چی هەڵوێستێک بنوێنێت. پێموایە لە دۆخێکی وادا پارتی هیچ بژاردەیەکی تری نییە لەوەی زیاتر لەگەڵ لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی ڕێکبکەوێت بەچەند مەرجێکی تایبەت بە بەرژەوەندی حیزبییەوە، بۆئەوەی بەشی خۆی لەکێکەکە وەرگرێت. دیارە نوری مالکی تاکەکاندیدی دیاریکراوە بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران لە ئێستادا. هەر ئەو مالکییەی کە مەسعود بەرزانی سەرۆکی پارتی لەسەردەمێکدا دەریدەبڕی کە کوردستان جیادەکاتەوە ئەگەر مالکی جارێکیتر ببێتەوە سەرۆک وەزیرانی عێراق.

 بەڵام ئەوەش تەنیا ئەگەرێکە لە حاڵەتێکدا ئەگەر موقتەدا سەدر بە سوپرایزێکی ترەوە نەیەتەوە گۆڕەپانەکە، یان شوێنکەوتووانی خۆی هان ئەدات دۆخەکە بشێوێنن بە نانەوەی ئاژاوە و ڕژانە سەر شەقامەکان.

**بۆپێشەوە: لەهەلومەرجی سیاسی کوردستاندا، چۆن دەڕواننە رۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی بەتایبەت نەوەی نوێ؟**

**سەلاحی گەرمیان:**  ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە بوونی لە کوردستاندا نییە. ئەوەی هەیە دەنگی خەڵکی ناڕازییە لێرەو لەوێ کە پەرتەوازەیی پێوە دیارە. لایەنێکی سیاسی یان چەترێک لە ئارادا نییە کۆیان بکاتەوە و ڕێکخراویان بکات بە ئامانجی گۆڕینی دۆخی چەقبەستووی ئێستا. هەرچی نەوەی نوێ یە، تەنیا دوکانێکی سیاسی هەڵتۆقیو زیاتر هیچیتر نییە کە لە غیابی بزووتنەوەیەکی جەماوەریدا هاتووەتە سەر شانۆکە. چونکە نەوەی نوێ نە خاوەن بەرنامەیەکی سیاسییە و نە ڕوئیایەکی هەیە بۆ دوارۆژی کوردستان، بەڵکو تەنیا وەک بڵقێک هاتووەتە سەر ڕووبەری سیاسەت و لەپڕا دەتەقێ و شوێنەواری دیار نامێنێت و هەر بەدەردەکەی  گۆڕان دەچێت دوای ئەوەی دروشمە پۆپۆلیستەکانی بەتاڵ دەبنەوە. ئێستا دۆخەکە لەبارە بۆ بازرگانێکی هەلپەرست و هەڵتۆقیو لە سێبەری حکومڕانییەکی چەتەگەری بۆ خۆدەرخستن وەک پاڵەوانی ڕزگارکەر بە کۆمەڵێ دروشمی بریقەدارەوە دەیەوێت بە لاسایکەردنەوەی ترامپ خەونی بەدیهێنانی ناوبانگ لەڕێی سیاسەت و گەیشتن بە دەسەڵات بهێنێتەدی. هەر لەگەڵ لێژبوونەوەی گلۆڵەی حکومڕانی جووت بنەماڵە، ئەو بڵقەشی لەپڕا دەتەقێت.

***کلیپتۆکرات: بە حکومەتێکی فەرمی دز و موستەسمیر(مستثمر).**

## درێژەی دوا وتە

بلۆک بەندیەکانی ناوچەکەیە، وەکو یاریزانێکی سەرەکی لە دۆخی عێراقدا دەمێنێتەوە و هەموو جۆرە حکومەتێک بەبێ بەشداری و ئۆکەی ڕەوتی سەدر، حکومەتێکی لاواز و شلۆق و بریار لاواز و تەمەن کورت دەبێت. هەر ئەو واقیەتەشە، شانسی بەرەوتی سەدر داوە، مانۆری جۆراو جۆر نمایش بکات... کشانەوەی رەوتی سەدر لە پەرلەمانی عێراق، یەکێک لەو مانۆرانەیە.

جیا لەوانە بانگەشەی رەوتی سەدر بە کشانەوەی لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا، بۆ زاڵ بوونە بەسەر پرۆسەی سیاسی عێراق و بە بانگەشەی دژایەتی گەندەڵییەوە. رەوتی سەدر دەیەوێت لە ژێر چەتری وەستانەوە بەرووی گەندەڵیدا، هەم رەوتەکەی وەکو هێزێکی پاکژی تێوەنەگلاو لەدزی و تالانی و گەندەڵی بخاتە ڕوو، هەم رەوت و هێزە سیاسیە نەیارەکانی بە دزو گەندەڵکار، بناسێنێت و لەو ڕێگایەشەوە بزوتنەوەی دژە گەندەڵی کە بەشێکی گەورە لە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری پێک دەهێنێت، بەخۆی ڕەوتەکەیەوە بلکێنێت و خۆی بە ئالاهەڵگری ئەم بزوتنەوە دژە گەندەڵییە، هەڵبواسێت.

دیارە رەوتی سەدر، لەدوای کەوتنی رژێمی بەعسەوە رەوتێکی سیاسی گۆرەپانی عیراق بووەو ئەم دۆخەی بە ئێستا گەیشتووە، رەوتی سەدر وەکو سەرجەم حزب و رەوتەکانی تر، بەرپرسیارە لەو هەلومەرجە سەخت و دژوارەی کە عێراق دەرگیری بووە. جیا لەوانە رەوتی سەدر خاوەنی میلیشیایەکی ١٠٠ هەزار کەسییە بەناوی سەرایا سەلام. میلیشیایی سەدر لەپال میلیشیاکانی تری هێزە سیاسیەکانی تردا، سەرچاوەی سەرەکی دزی و تالانی و پاوانی جغرافیا و تیرۆری نەیارانی سیاسی و رابەرانی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەرین. رەوتی سەدر و سەرجەم رەوتەکانی تر کە پشتیان بەهیزی چەکدار و دام دەزگای حزبی و جاسوسی بەستووەو خۆیان بەیەکێک بە وڵاتان و بلۆک بەندیەکانی ناوچەکەوە گرێداوە، نەک هەر گەندەڵ و تاوانکارن، بەڵکو سەرچاوەی دزی ئاشکراو نائەمن کردنی کۆمەڵگە و دەیان دەردو کوێرەوەرین بەسەر خەڵکی عێراقدا.

رەوتی سەدر بەمانۆری کشانەوەی فراکسیۆنە پەرلەمانیەکەیی و بەدرۆی دەستهەڵگرتن لە پرۆسەی سیاسی عێراق، دەیەوێت مانۆری شەقام، بۆ زاڵ بوون بەسەر پرۆسەی سیاسی عیراقدا زامن بکات و هەر حکومەتێک کە خۆیان تیایدا باڵادەست نەبن، بخاتە بەردەم غەزەبی جەماوەری و هەڵوەشاندنەوە. دیارە رەوتی سەدر کەڵک لە تورەیی و نەفرەتی جەماوەری بەدژی دەسەڵات و رەوتە سیاسیەکان، وەردەگرێت. کەشی نەفرەتی جەماوەرییدا، هەمیشە بوار دەدات تا هیزی سیاسی دەستێوەردانی تیا بکەن و هەوڵ بدەن جڵەوی بکەن.

پاشەکشەی سەدر و شکست خواردنی لە رزگارکردنی بۆرژوازی عێراق لەو ئەزمە قوڵەی دەرگیری بووە چاوەروان کراو بوو، بێگومان ئەم شکستەش کاریگەری لەسەر سەرجەم هاوپەیمانیەتەکەی هەیە و لەو نێوەدا پارتییش دۆڕاوێکی ناو هاوپەیمانیەتەکە بوو... چوارچێوەی هاوئاهەنگی کە ڕەوتگەلی سەر بەئیرانن، بە کشانەوەی رەوتی سەدر، شانسی دووبارە دەستبردن بۆ حکومەت دروستکردنیان بۆ رەخساوە، بەڵام شانسێکی ژێر زەبر و لاواز و بێ ئاکام.

بەکورتی کشانەوەی سەدر لە پەلەمان و پرۆسەی سیاسی!! ئاکامی شکستە لە وەڵام بە ئەزمەی بۆرژوازی عێراقی و شکستە لە پێکهێنانی حکومەت، وە مانۆرێکی سیاسییە، لە پێناو دەستبردن بۆ مانۆرێکی تر. ئەم یارییە بەشێکە لە واقعیەتی داسەپاو بەسەر عێراقدا و دۆخی سیاسی عێراقیش خراپتر دەکات و دۆسیەی پیکهێنانی حکومەت زۆرتر دوا دەخات. هەموو بژاردەکانی رەوتی سەدر، بە ئامانجی ئەوەیە ببێتە ئاڵاهەڵگری رزگاری بۆرژوازی عێراقی لەو ئەزمە قوڵ و چارهەڵنەگرەی تووشی بووە. هەوڵدان بۆ زاڵ بوون بەسەر بزوتنەوەی نارەزایەتی فراوانی شەقامدا، لەڕێگای خۆهەڵواسین و بەهرەبەرداری لەو نارەزایەتییە جەماوەرییەی بۆنان و کار و خزمەتگوزارییەکان و بەدژی ئەو دزی وتاڵانیەی لە ئارادایە... یەکێک لە مانۆرە سەرەکیەکانی سەدرە، بۆ پاشەپێکردن بە بزوتنەوەی جەماوەی و جڵەوکردنی.

**١ی تەمووزی ٢٠٢٢**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

Forward

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

ئەحمەد هەورامی،عوسمان محەمەد، شەمال بارەوانی،گەشاو محەمەد، ئومەر ئەمین، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود، ئیبراهیم حسێن، هیوا ساڵح، کاوان قادر، شوانە حەسەن ئەبوبەکر، حەکیم میرزا،جەمال نوری،خالید بایەزیدی...

## لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"هەلومەرجی سیاسی کوردستان و ئایندە سیاسیەکەی"...

بۆپێشەوە

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com


بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

## چەند پارچە شیعری: خالید بایەزیدی (دلێر)



-

دەست بڵاوە

ڕۆژەکانی هەفتە

جگە لە حەسرت وئاه.

وە تەمەنی بە »با»چوو

شتێك لەو دە خیلە

شکاودا نەماوە

-2

باخچەش!

گوڵی بیرچوتەوە

بە گومانم...

دڕکەکان

کودەتایان کردووە

-3

جیهان!

لە قەیرانی

ئەوین وخۆشەویستی

دایە

ئەگینا

سایلۆکان

لێوان لێو لە دانەوێڵەن

وەرن با...

ئەوین وخۆشەویستی

بۆ ئەم لادێ بچکولەی

جیهان

بگەڕێنینەوە

-4

ماسییەکانی دەریا

پرسەیان گرت

کاتێك کە دیتیان

ماسییە بچکۆلەیەك

خۆی بە داوی ڕاوچیەك

هەڵواسی و

کۆتا نیگاکانی

لە چاوەشینەکانی

دەریادا


بزر کرد

## دوا وتە

# پەیامی کشانەوەی رەوتی سەدر لە پەرلەمان و پرۆسەی سیاسی عێراق

**عەبدوڵا مەحمود**

کشانەوەی فراکسیۆنی سەدر لە پەرلەمان و دواتریش راگەیاندنی سەدر بەوەی لە پرۆسەی سیاسی سیاسی عێراق دەکشێتەوەو لەگەڵ گەندەڵکاران حکومەت پێکناهێنێت، جێگای پرسیاو لێڕامانە.



کشانەوەی فراکسیۆنی پەرلەمانی رەوتی سەدر لە پەرلەمانی عێراق بەدوای ئەوەدا هات کە رەوتی سەدر و هاوپەیمانیەتیەکەی دوای تێپەڕینی نزیکەی هەشت مانگ بەسەر هەڵبژاردنی پیش وەختەی عێراقدا، نەیاتوانی بەسەر گرفتە قوڵ و چارهەڵنەگرەکانی عێراقدا زاڵ ببن. هاوکات نەیانتوانی حکومەت پێکبهێن و خواستی پیکهێنانی حکومەتی زوربە، بەشوێنێک نەگەیشت.

رەوتی سەدر بە کشانەوەی لە پەرلەمانی عێراق، دەیەوێت شانی خۆی لە شکستی پێکهێنانی حکومەتدا، خالّی بکاتەوە، لەوەش زیاتر هۆکاری پێکنەهێنانی حکومەت بخاتە ئەستۆی نەیارە سیاسیەکانی، بەتایبەتیش چوارچێوەی هاوئاهەنگی کە لە ئێرانەوە نزیکن.

دیارە چ بانگەشەی پێکهێنانی حکومەتی زوربە و چ پاشەکشەی رەوتی سەدر لە پەرلەمانی عێراق، هەر دووکیان مانۆری رەوتی سەدرن بۆ پێکهێنانی حکومەت، نەک دەستهەڵگرتن لە پێکهێنانی حکومەت و کشانەوە لە پرۆسیسی سیاسی عێراق. رەوتی سەدر نەک لە پرۆسەی سیاسی عێراق ناکشیتەوە، بەڵکو بەو مانۆرە سیاسیانەی ئەنجامی دەدات، خەونی بوون بە تاکە سواری بێ رەکبەری لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا هەیە.

رەوتی سەدر بۆ ئەو ئامانجەی کە دەیەوێت ببێتە یاریزانی سەرەکی و هێزێکی هەژموونگەرا لە عێراقدا، دەمێکە دوو بژاردەی بەدەستەوە گرتووە. بژاردەی کایەی پەرلەمانی و حکومەتداری لەلایەک و بژاردەی شەقام و هەوڵدان بۆ خۆجوتکردن بە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەریی، لەلایەکی ترەوە.

بەجیا لەوانەش رەوتی سەدر وەکو سەرجەم هێزە سیاسیەکانی تر، هێزێک نییە بتوانرێت لەهەلومەرجی سیاسی ئێستای عێراقدا بە سانایی کەنار بخرێت. رەوتی سەدر لە حکومەت و پەرلەماندا بێت یان نا، لەسەر شەقام ئاکسیۆنی نارەزایەتی رەوتەکەی نمایش بکات یان نا... بەو هۆیەوە خاوەنی چەک و میلیشیایی تایبەت دام و دەزگای هەواڵگری و جاسوسی و وابەستە بە

بۆ لاپەڕە 16

## بەرهەمی تازەی هونەرمەند هیوا ساڵح...

